Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# پرسی دادپەروەری لای خەلیفەکانی ڕاشدین (١١-٤٠ك/٦٣٣ –٦٦١ز) لەبواری داراییدا

احمد ڕضا احمد[1] - رسول مصطفی محمد[2]

[1+2] بەشی مێژو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

دادپەروەری واتە پێدانی ماف بەهەمو خاوەن مافێک بەبێ زیادەرەویکردن و کەموکوڕی، دادپەروەری بابەتێکی ڕەهایە بۆ هەمو کات و شوێنێک، دادپەروەری هەندێجار واتە یەکسانی بەنمونە جیاوازی نەکردن لەنێوان چین و توێژەکان لەکۆمەڵگەدا لەئەرک و ماف و پاداشت و سزادا، بەڵام یەکسانی ڕێژەییە، یەکسانی هەندیکجار پێچەوانەی دادپەروەرییە، چونکە ناکرێت کەسێک خزمەت دەکات لەگەڵ یەکێک نایکات وەک یەک پاداشتیان پێبدرێت، نمونەی یەکسانی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق بەپێی داهاتی بەردەست بۆ دیاریکردنی بەخششەکان پەیڕەوی سیستەمی یەکسانی کرد، واتە بەیەک ڕێژە پاداشتی دەدا بەموسڵمانەکان بەبێ جیاوازی مانگانە بڕی (٢٠) درهم بو بۆ هەریەکێکیان، بەهەمانشێوە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبیش پەیڕەوی سیستەمی یەکسانی دەکرد، هەروەها نمونەی دادپەروەری وەک: خەلیفە عومەری کوڕی خەتتاب کاتێک موچە و بەخششی دیاریکرد بەپێی خزمەت و پێشینەی لە ئیسلامدا و پێویستی، بەنمونە: بۆ هەمو منداڵێکی زۆر بچوک بڕی (١٠٠) درهم دیاریکرد و بۆ منداڵانی تەمەن گەورەتر بڕی (٢٠٠) درهم دیاریکرد، بۆ هەمو چین و توێژەکانیش بەخششی دیاریکرد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەشێوەیەی مانگانە بۆ هەریەکێکیان، لێرەدا دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە خەلیفە عومەر کەسێک بوە ڕەچاوی دادپەروەری کردوە بەبەراورد بەیەکسانی، چونکە لەدیاریکردنی بەخششەکان لەنێوان گەورەو منداڵ و گەورەدا پێداویستیەکانیانی کردۆتە پێوەر بۆیە بەم شێوەیە دیاریکرد بەهەمان شێوە خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان پەیڕەو سیستەمی دادپەروەری.

پرسی دادپەروەری پرسی پرسێکی ڕێژەییە لای مرۆڤەکان، دادپەروەری ڕەها تەنها لای خودای گەورەیە، پاشان پێغەمبەران و پیاوچاکان و حاکم و دەسەڵاتدارەکان، خەلیفەکانی ڕاشدین هەریەکەیان بەشێوازی خۆیان کاریان کردوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پرسە بەشێوازی کرداری، لەئیسلام پێغەمبەر (د.خ) لەم پرسە سەرمەشق بو پاشان لەسەردەمی خەلیفە ڕاشدینەکان پرسی دادپەروەری بەشێوەیەکی زۆر لەزۆربەی بوارەکانی ژیان بەرچاو بەرجەستەکرا، ئەم پرسە پەیوەندیدارە بەشێوازی حوکمڕانی کردنی خەلیفەکانی ئەم سەردەمە ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوە لەسەر ژیانی خەڵکی، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە خەلیفەکان بێ کەموکوڕی سەرنج نەبون، بەگشتی خەلیفەکانی ڕاشدین دادپەروەربون.

خەلیفەکانی ڕاشدین خودی خۆیان کەسانی دادپەروەربون و سیفاتی دادپەروەرییان هەبوە، جیاوازیان نەکردوە لەنێوان خەڵکیدا، ئەوان بەپێی شەریعەتی ئیسلام حوکمڕانیان کردوە، لە قورئاندا مافی هەمو تاکێک پارێزراوە و لەبەرچاوگیراوە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

چونکە ئاینی ئیسلام لەپێناو خوداناسی و دادپەروەری لەنێوان خەڵکی هاتوە و دژی زوڵم و ستەم و نادادییە، خەلیفەکانی ڕاشدینیش کاریان بەم بنەمایانە کردوە و هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەم پرسەیان داوە لەهەمو بوارەکانی ژیاندا، هەروەها لایەنی داراییش وەک لایەنێکی گرنگی ڕاستەوخۆی پەیوەست بەژیانی خەڵکی، خەلیفەکان لە ژیانی تایبەتی خۆیان کەسانی دادپەروەر بون ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبو لەسەر شێوازی حوکمڕانیکردنیان، لەبواری داراییدا مامەڵەیەکی ڕاست و گونجاویان لەگەڵ ئەم پرسەداکردوە، کاریگەری ئەمەش بەسەر ژیانی خەڵکیەوە دیاربو لەڕوی خۆشگوزەرانی و بەرەو پێش چون لەم بوارەدا، خەلیفەکانی ڕاشدین خۆیان پێشتر بازرگان و شارەزای بواری کڕین و فرۆشتن بون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبو لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەبواری داراییدا، خەلیفەکان بەشێوازێکی دادپەروەرانەو یەکسان لەم بوارەدا مامەڵەیان لەگەڵ موسڵمانان کردوە، مافی خەڵکانی خاوەن کتێب و ناموسڵمان پارێزراو بوە، ئەوان مافیان بەهەمو کەسێک داوە و بە ڕۆڵی خۆیان هەستاون.

خەلیفەکان چەند کارێکی گرنگیان ئەنجامدا لەوانەش: ڕێگریکردن لەستەم نادادی و قۆرخکاری، هەروەها خەلیفەکان خۆیان چاودێرو لێپرسراوبون لێپرسینەوەیان لەکارگوزارو والی و فەرمانبەران دەکرد، کەسانی دەستپاک و ئەمین و شیاویان بۆ کاروباری دارایی ڕادەسپارد، دامەزراوەی داراییان دامەزراند و فەرمانبەریان بۆ دانا وەک: (بيت المال، ديوان الخراج، ديوان العطا، ديوان الجند،...) ئەمەش لەپێناو پاراستنی ئەمانەت و ڕاستی و مافی خەڵکی، خەلیفەکان خۆیان ڕێگەی لێپرسینەوەی خۆیان بە خەڵکەکەیان دابو، و کارگوزارەکانیشیان ئاگادارکردبوەوە لە هەڵە و سەرپێچی، خەلیفەکانی ڕاشدین وەک خەڵکی ئاسایی دەژیان خۆیان جیانەدەکردوە لەخەڵکی.

سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین بەباشترین سەردەم دادەنرێت لەمێژوی ئیسلام لەڕوی دادپەروەری لەسەرجەم ڕوەکاندا بەگشتی و لایەنی داراییش بەتایبەتی، لەبەربونی چاودێری و لێپرسینەوەیەکی ورد لەلایەن فەرمانبەرانی دەوڵەت و تەنانەت خودی خەلیفەکانیشەوە، پێدانی ماف بەهەمو خاوەن مافێک و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام بەتەواوەتی.

**کلیلە وشەکان:** دادپەروەری، دارایی، خەلیفە، گەنجینە، چاودێری، لێپرسینەوە.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22
**Received:** 06-December-2021
**Accepted:** 16-January-2022
**Published:** 29-September-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
ahmed.meju@uor.edu.krd
Rasul.Mustafa@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

پرسی دادپەروەری لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین لەماوەی نێوان ساڵانی(١١ک/٦٣٣ز- ٤١ک/٦٦٢ز) لەبواری داراییدا یەکێکە لەبابەتە گرنگ و هەستیارەکان، بەر لەهەمو شتێک پرسی دادپەروەری پرسێکی ڕێژەییە لەلای مرۆڤەکان، دادپەروەری ڕەها تەنها خودای گەورەیە، لەپاش خودای گەورەش پێغەمبەرانن، خەلیفەکانی ڕاشدین هەریەکەیان بەشێوازی خۆیان کاریانکردوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بابەتە، خەلیفەکانی ڕاشدین دادپەروەربون لەگەڵ خەڵکەکەیاندا لەبوارەکانی (کارگێڕی و دارایی و کۆمەڵایەتی،...)دا، ئەوەی بابەتی توێژینەوەی ئێمەیە پرسی دادپەروەرییە لەڕوی داراییەوە خەلیفەکان بەشێوازێکی دادپەروەرانە مامەڵەیان کردوە، خەلیفەکانی ئەم سەردەمە خۆیان کەسانی دادپەروەربون و کاریان بەشەریعەتی ئیسلام کردوەو لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر(د.خ) ڕۆیشتون، چونکە هاتنی ئاینی ئیسلام لەپێناو خوداپەرستی و دادپەروەری و یەکسانی بوە لەنێوان خەڵکی لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا و پێدان ماف بەهەمو خاوەن مافێک.

خەلیفەکانی ڕاشدین چەندین دامەزراوەیان دامەزراند لەبواری داراییدا ڕاستی و شەفافیەت و دوربون لە نادادی، لێپرسینەوەو چاودێریکردن هەبو، سزای کەسانی گەندەڵ دەدرا.

**گرنگی بابەتەکە:** گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە خستنەڕوی بابەتێکی بایەخدار و زیندو لەهەمو و سەردەم و کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا و خۆشبەختی مرۆڤ بەندە بە پرسی دادپەروەرییەوە و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، خەلیفەکانی ڕاشدین خۆیان کەسانی دەستپاک و ئەمین و ڕاستگۆبون بەم جۆرەش حوکمڕانیان کردوە، لەسەر بچوکترین شت لێپرسینەوەیان لەگەڵ خۆیان و خەڵکیدا کردوە، کەسانی دەستپاک و ڕاستگۆیان بۆ کاروباری دارایی ڕاسپاردوە، ماف بەهەمو خاوەن مافێک دراوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:** دەگەڕێتەوە حەزو خولیای توێژەر بۆ ئەم بابەتە و خستەڕوی پرسێکی وا گرنگ بۆ هەمو کات و شوێنێک پێویستیەکی بنچینەییە، هەروەها گرنگیدانی خەلیفەکانی ڕاشدین بۆ بەرجەستەکردنی ئەم پرسەو کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکی، بەرەو پێشبردنی ئەم لایەنە لەڕوی دارایی و چاودێری و لێپرسینەوەی خەلیفەکان لەپێناو دادپەروەریدا، هەروەها چەند گرنگە فەرمانڕەوای وڵات دادپەروەربێت.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** بریتییەلە باسکردن و خستنەڕوی بابەتێکی گرنگ لەم قۆناغە مێژووییەدا ئەویش دادپەروەرییە، ڕۆڵی خەلیفەکانی ڕاشدین لەبەرجەستەکردنی دادپەروەری لەبواری داراییدا، خەلیفەکانی ڕاشدین بەپێی شەریعەتی ئیسلام و لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر(د.خ) کاریانکردوەو دادپەروەربون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی تایبەتمەندی دادپەروەری وەک سیفەتێک لە خەلیفەکانی ڕاشدیندا، زۆر گرنگە نمونەی زیندو بخرێتەڕو کە دادپەروەری کاربەدەستان چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر ڕەوتی ژیانی خەڵک و خۆشگوزەرانی مرۆڤ.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەتوێژینەوەکە پشتمان بەستوە بەمیتۆدی گێڕانەوەی ڕوداوەکان و ڕاڤەکردنی کارو کردەوەی خەلیفەکانی ڕاشدین، چەندین نمونەمان باسکردوە بۆ گوزارشتکردن لێی و کردارو گوفتار هەریەکێکیان کاریان کردوە، شیکردنەوەی ڕوداوەکانی ئەم قۆناغە مێژوویە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پێکهاتوە لەدو باس و هەر باسێکیش لەدو تەوەرە، لەباسی یەکەمدا تەوەرەی یەکەم ناساندمان کردوە بۆ چەمکی دادپەروەری و دارایی و جیاوازی نێوان دادپەروەری و یەکسانی دواتر باسی پرسی دادپەروەریمان کردوە لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیقدا، لە تەوەرەی دوەم باسی پرسی دادپەروەریمان کردوە لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، کە چۆن کاریکردوە، لەباسی دوەم لەتەوەرەی یەکەمدا باسی پرسی دادپەروەریمان کردوە لە سەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفاندا لەبواری دارایدا چۆن مامەڵەی کردوە، لەتەوەرەی دوەمیش باسی ئەم پرسەمان کردوە لەسەردەمی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبدا، ئایا هەریەکێکیان چۆن لەبواری دارایدا کاریانکردوە، ئەوان لەسەر چ بنەمایەک کاریانکردوە، ئێمە باسی پرسی دادپەروەریمان کردوە لای خەلیفەکانی ڕاشدین.

**گرفتی توێژینەوەکە:** بێگومان هیچ توێژینەوەیەک بێگرفت نابێت ئەویش دەستخستنی کەمی زانیاری بو لەبواری دارایی لەسەردەمی هەندێک خەلیفە بەنمونە لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکر زانیاری کەممان دەستکەوت بەهۆی کەمی ماوەی فەرمانڕەوایی و ڕوداوە ئاینی و سیاسیەکانی سەردەمی ناوبراو، لەبەرئەمە ئێمە نەمانتوانیوە نمونەی زۆر بهێنینەوە لەسەر ڕوداوەکان و شیکاری زیاتریان بۆ بکەین بەهەمان شێوەش خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب ڕاستە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:** ئێمە بۆ توێژینەوەکەمان پشتمان بەکۆمەڵێک سەرچاوەی بەستوە، پێش هەمویان (القران الكريم)، چونکە خودای گەورە لەچەندین ئایاتدا دەقی ڕونی ناردوە سەبارەت بەلایەنی دارایی باسی پاراستنی ئەمانەت و ماڵ و سامان و گێڕانەوەی بۆ خاوەنەکەی کردوە، هەروەها خودای گەورە لەقورئاندا حەڵاڵ و حەرامی دیاریکردوە، جگەلەمەش یەکێک لە پێنج ڕوکنەکەی ئیسلام (زەکات)ە لەسەر موسڵمانان کە لە موسڵمانە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت بەبڕ و ڕادەی دیاریکراو دەدرێت بەچینی هەژاراو نەدار،... هەروەها لەسەر (اهل الذمة) جزیە دانراوە لەبەرامبەر پاراستنی گیان و ماڵ و سامان و پێدانی ئازادی بەئەهلی زیمە،...، هەروەها سودمان وەرگرتوە لە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕەسەن وەک (الخراج ابويوسف ت: ٢٠٣ه) سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ توێژینەوە لەم بوارەدا لە ناوەڕۆکەکەی لە(٢٤٧) لاپەڕە پێکهاتوە زۆر بەوردی باسی لایەنی دارایی کردوەو دەقی شەرعی لەسەر هێناوەتەوە و باسی بابەتەکانی داهات و سەرچاوەکانی دەهاتی کردوە زۆر گرنگی بەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ)و خەلیفەکانی ڕاشدین داوە، هەروەها سودمان وەرگرتوە لە (الاموال ابوعبيد ت:٢٠٣ه) ئەم کتێبەش ناوەڕۆکەکەی نزیکەی(٦٠٠) لاپەڕەیە باسی داهات و خەرجی دەکات و زانیاری گرنگی باسکردوە ئێمە زۆر پشتمان پێبەستوە، هەروەها سودمان لە (ج١–ج٥، تاريخ الطبری، ت: ٣١٠ه) پشتمان پێبەستوە لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ورد باسی ڕوداوەکانی ئەم قۆناغەی کردوە و چەندین گێڕانەوەی هێناوە لەسەر بابەتێک، سودمان وەرگرتوە لە (سيرة ابن هشام ت:٢١٨ه، سير العلام النبلاء الذهبی ت:٧٤٨ه) وەرگرتوە لەبەرئەوەی باسی سیرە و ژیانی خەلیفەو کەسایەتیەکانی کردوە زانیاری تایبەتی لەبارەوە خستونەتەڕو، هەروەها (كامل فی التاريخ ابن الاثير ت: ٦٣٠ه)مان بەکارهێناوەو کە شێوازی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی لە(الطبری) نزیکە، یەکێکی تر لەسەرچاوە گرنگەکان (الاحكام السلطانية ماوردی ت:٤٥٠ه) یەک بەرگە ئەمەش یەکێک بوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

لەسەرچاوە بەسودەكان بۆ توێژینەوەكەمان گرنگی بەبواری كارگێڕیی و دارایی و لایەنەكانی ترداوە چەمكەكانی شیكردۆتەوە، سودمان لە چەند كتێبێكی بواری فەرمودە وەرگرتوە وەک (صحیح البخاری، صحیح المسلم، سنن ابی داود، المعجم الكبیر الطبرانی،...) وەرگرتوە، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تر وەک (تاریخ الیعقوبی ت٢٩٢ه) ئەم سەرچاوەیەش زۆر سودمان لێوەرگرتوە، چونكە نوسەر وەلائی بۆ شیعە هەیە، بەڵام زانیارییەكانی لەبواری داهات و بڕی باج و خەراجی ناوچەكان لەسەدەمی خەلیفەكانی ڕاشدین و ئومەوی و دواتریش خستوتەڕو، هەندێک لەزانیارییەكانی جێگەی هەڵوێستەكردنن بەتایبەتی هەندێک زانیاری لەكەسانی وەک ئەبی میخنەف وەرگرتوە كە بەشێک لە مێژونوسان بەچاوی گومان لە ئەبی مێخنەف دەڕوانن، (فتوح البلدان البلازری...) وەرگرتوە باسی فەتحكردنی ناوچەكان دەكات لەڕوی چۆنیەتی و سەردەمی فەتحكردنەكەی، هەروەها زۆر سودمان لە (تاریخ الاسلام- حسن ابراهیم حسن) وەرگرتوە، چونكە بە پوختی و بەكورتی باسی لایەنی كردوە بواری دارایی بابەتی لێكۆڵینەوەی ئێمە، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تردا.

## باسی یەكەم: پرسی دادپەروەری لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەكری سدیق و خەلیفە عومەری كوڕی خەتاب (١١-٢٣ک/٦٣٣-٦٤٤ز):

پێناسەی هەردو چەمكی دادپەروەری و دارایی:

**دادپەروەری (العدالة):** واتە بەكارهێنانی شتەكان یا كارەكان لە شوێن و كاتی خۆی و بەو شێوەیەی كە پێویستە و بە ئەندازەی پێویست بەبێ زیادەڕەویكردن و كەمڕەویكردن و بەبێ پێشخستن و دواكەوتن. (الجاحظ، تهذیب الاخلاق، 1989، ٢٨).

**دارایی:** بریتییە لە كاروچالاكی مرۆڤ كە بەرهەمهێنان و دابەشكردن و ئاڵوگۆڕو خەرجكردن، بەكاربردن یان و كەلوپەل دەگرێتەخۆ. (روسلان خظور، غسان ابراهیم -علم الاقتصاد، ٢٠٢٠، ١٤).

### جیاوازی نێوان دادپەروەری (العدالة) لەگەڵ یەكسانی (المساواة):

لەڕوی زمانەوانیەوە (المساواة) بەمانای یەكسانی دێت لەهەندێ بابەتدا یەكسانی واتە دادپەروەری، بەنمونە بەیەک چاو سەیركردنی كەسەكان بەبێ جیاوازی زمان و ڕەگەز... (ابوبكر علی محمد امین، العدالة مفومها ومنطلقاتها، ٢٠١٠، ٣٨-٣٩).

یەكێک لەماناكانی دادپەروەری(العدالة) بریتییە لەیەكسانی، بەڵكو یەكسانی مانای بنەڕەتی و بنچینەی دادپەروەرییە، ئەو ئەنجامە بەستراوەتەوە بەجۆرێكی دیاریكراو لەیەكسانی، بریتییە لە یەكسانی ڕێژەی و یاسایی، لەبەرئەوەی كەسەكان جیاوازن لەڕوی ئامادەیی فكری و زانستی و كرداری و توانایان، تەنانەت جیاوازن سەبارەت بە توانای كات لەڕوی شیاوی و ئامادەیی و هێز و توانا بۆ كاركردن و داهێنان، لەبەرئەوەی پێدانی سزا و پاداشتی یەكسان پێیان پێچەوانەی (العدالة) دادپەروەرییە، لەسەر بنەمای ئەمە ئەگەر مانای (العدالة) و (المساواة)مان وەک یەک وەرگرت وامان دانا كە مانای یەكسانی ئەوەیە كە هەمو خەڵک یەكسانبن لە بەخشش و سزا و پاداشت؟! یەكەمیان نابێت و دوەم ستەمە و دادپەروەری تێدانییە و پێچەوانەی بەرژەوەندی كۆمەڵگەیە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

لەبەرئەوەی ڕێگرە لەپێشکەوتن، بۆیە بناغەی پەیوەندیەکە بریتییەلە لێهاتوی شایەن بون، و یەکسانی پێویستە لەبەردەم یاسادا (ابوبكر علی محمد امين، ٢٠١٠، ٥٤).

**تەوەرەی یەکەم: پرسی دادپەروەری لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق(١٣-١١ك/٦٣٣-٦٣٥ز)**

**١-شارەزایی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق لەبواری داراییدا:** ئەبوبەکر پێشتر خۆی کەسێکی بازرگان بو، لەبازاڕ خەریکی بازگانی و کڕین و فرۆشتن بو شارەزاییەکی باشی لەو بوارەدا هەبو.(السیوطی،١٩٥٢، ٥٥) جارێکیان پیاوێک چو بۆی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق پێی وت: باوکم دەیەوێت هەمو ماڵەکەم ببات بۆ خۆی، خەلیفە ئەبوبەکر لەماڵی کوڕەکەت ئەوەندەی پێویستتە بەشی تۆیە، باوکەکەش بە خەلیفەی ئەبوبەکری وت: ئەی خەلیفە، ئەی پێغەمبەری خوا(د.خ) نەیفەرموە: کە تۆو ماڵەکەت هی باوکتە، ئەبوبەکر پێی وت: ڕازیببە بەوەی کە خودای گەورە بۆی دیاریکردوی.( البیهیقی سنن الكبرى،١٩٩٤، ٧، ٤٨١).

**٢- بەخشندەیی ئەبوبەکری سدیق لەبواری داراییدا:** ئەبوبەکری سدیق کەسێکی بەخشندەو دەستکراوەبو لەپێناو خودا، هەر لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) ماڵ و سامانیکی زۆری بەخشی، بەنمونە پێغەمبەر(د.خ) لە وەسفی بەخشندەیی ئەبوبەکری سدیقدا دەفەرموێت: ئەبوبەکر هەرچی هەیەتی هێناویەتی، پێغەمبەر(د.خ) بە ئەبوبەکری فەرمو: چیت هێشتۆتەوە بۆ ماڵ و منالّت؟ ئەبوبەکر وتی: خودا و پێغەمبەرەکەی (سنن ابى داود، ٢٠٠٩،رقم: ١٦٧٨). ئەبوبەکری سدیق کەسێکی زۆر لێبوردەو بەخشندە بوە بەنمونە لەماڵی تایبەتی خۆی چەندین کۆیلەی لەپێناو خودا ئازاد کردوە لەنمونەی ئەوانیش: (بیلال، عامرکوری فوهەیرە، زنیرە، نەهدیە، کەنیزەی بەنی مۆئمیل، دایکی عوبەیس و ئەسلەم،...)، هەروەها ئەو لەپێناو خودا و سەرخستنی ئیسلامدا زیاتر لە(٧٠) هەزار درهەم یان دینار ماڵی تایبەتی خۆی بو هەموی خەرجکردو بەخشی کە بەهۆی بازرگانیەوە دەستی کەوتبو (ابن الاثیر،٢٠٠٣، ٢، ٢٦٩).

**٣-سیاسەتی دارایی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق:** لەسەر ڕێگەی پەیامبەر(د.خ) ڕۆیشت، لەسیاسەتی داراییدا لێپرسینەوەی لەگەڵ کارگوزارو فەرمانبەرەکانی دەکرد لەسەرداهات و خەرجییەکان(الکاتانی،٢٠٠٨،١، ٢٠٧).

ئەبوبەکری سدیق دوای بەیعەتپێدان و بونی بەخەلیفە، داهاتە داراییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی زیادیانکرد، بەهۆی فتوحات و بەردەوامی ئەو پرۆسەیە لەسەردەمی ئەبوبەکر ئەم زیادکردنە لەداهاتی دەوڵەت کاریکردەسەر خەلیفە ئەبوبەکر بەخشش بەموسڵمانان بدات بەیەکسانی، خەلیفە ئەبوبەکر پەیرەوی بنەمای یەکسانی کرد لە بەخشین و موچە لەنێوان موسڵمانانداا(ابوعبید،١٩٨٦، ٢٧٦؛ ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ص٢١٣؛ الیعقوبی، ٢٠٠٠، ٢، ١٤٣).

**-چاودێریکردن:** جگە لەوەی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق پێشتر بازرگان بو شارەزای کڕین و فرۆشتن و چاودێریکردنی بازاڕ بو، کاتێک بو بەخەلیفە لەپێناو دابینکردنی بژێوی خێزانەکەیدا لەبازاڕ کاری دەکردو کوتاڵی دەفرۆشت و چاودێری کڕین و فرۆشتنی دەکرد. (الطبری،٢٠٠٢، ٢٩١).

**-دابەشکردنی بەخششەکان بەیەکسانی:** خەلیفە ئەبوبەکر بەشێوەیەکی یەکسان داهات و دەستکەوتەکانی دابەش دەکرد بەجۆرێک کە جیاوازی نەدەکرد لەنێوان نێرو مێ و بچوک و گەورە، لەساڵی یەکەمی خەلافەتەکەی یەکەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

بەخشش کە دابەشی کرد بەشی هەریەکێکیان مانگانەی نۆ یان دە درهەم بو بۆ هەر کەسێک (ابویوسف،١٩٧٤، ٤٢؛ ابن سعد،١٩٠٥،٣، ١٩٣)، لەدوای زیادبونی داهات لەساڵی دوەم بڕی بەخششەکانی زیادکرد دابەشکردنەکان بیست درهەم بو بۆهەر موسڵمانێک (ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ١٤٣؛ طارق محمد فضله العزام، ١٩٩٨، ٦١)، ئەم سیاسەتەی خەلیفەئەبوبەکر پەیڕەوی دەکرد لەیەکسانی لەدابەشکردنی بەخششەکاندا هەندێ لەموسڵمانەکان پێی ڕازینەبون بەتایبەت لەموسڵمانە پێشینەکان، داوایان لە خەلیفە ئەبوبەکر کرد بەخشینەکان لەسەربنەمای پێشینەبێت لەئیسلامدا، خەلیفە ئەبوبەکر ئەمەی ڕەتکردەوە وتی: من ئەوە نازانم، ئەوەی پێشینەیان هەیە خودای گەورە خۆی پاداشتیان دەداتەوە، ئەوەی من موچەیە، یەکسانی باشترە لەدەوڵەمەندی(ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ١٩٣؛ ابو یوسف،١٩٧٤، ٤٢).

ئەبوبەکری سدیق کاتێک بو بەخەلیفە لە بازاڕدا کاری دەکرد بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خیزانەکەی، هەریەکە لە عومەری کوڕی خەتاب و ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەرڕاح بینیان پێیان وت: ئێستا تۆ خەلیفەیت و کاروباری موسڵمانانت لەدەستە، ئەویش وتی دەبێت کاربکەم لەپێناو بژێوی خێزانەکەمدا، ئەوانیش وتیان وەرە لەگەڵمان چون بەپێی پێویستی ژیانی ئەو بڕی (٢٥٠) درهم لەساڵێکدا بۆ دیاریکرد بەمەش ئەو بڕەی بۆی دیاریکرا نزیک بو لەو بڕەی کە بۆ هەر موسڵمانیک دیاریکرابو، دواتر عومەر و عەلی کوڕی ئەبی تالیب لەماڵی تایبەتی خۆیان هەندێکجار هاوکاریان دەکرد، لەپاش دیاریکردنی ئەم بڕەش خەلیفە ئەبوبەکر چوە سەر میمبەر بەخەڵکی وت: ئێوە ڕازین بەو بەشەی بۆ منیان دیاریکردوە خەڵکیش وتیان ڕازین، ئەویش قبوڵیکرد.(الطبری،٢٠٠٢، ٢٩١).

**پاراستنی ئەمانەت و ماڵی موسڵمانان و ڕێگریکردن لەزیادەڕۆی و بەهەدەردان: گێرانەی** ئەو بڕەی کە لەخەرجی ڕۆژانەی زیادبو بۆ گەنجینەی موسڵمانان ڕەتکردنەوەی زیادەخەرجی، بەنمونە کاتێک ئەبوبەکری سدیق خەلیفە بو، خێزانەکەی حەزی لەشیرینی کرد، خەلیفە ئەبوبەکر بەخێزانەکەی وت: زێرو پارەمان نییە تا کەمێک شرینی بکڕم، ژنەکە وتی: لە خەرجی ڕۆژانە هەر ڕۆژەی کەمێک پاشەکەوت دەکەم تا شیرینی بکڕم، ئەبوبەکر وتی: ئەو کارە بکە، خێزانەکەی لەماوەی چەندین ڕۆژ شتێکی کۆکردەوە، کاتێک پیشانی ئەبوبەکری دا تاوەکو شیرینی بۆبکڕێت، ئەبوبەکر هەڵیگرت و گەڕاندیەوە بۆگەنجینەی موسڵمانان و وتی: ئەم ئەندازەیە لەخۆراک بۆ ئێمە بەسە، ئەو فەرمانیدا بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە خێزانەکەی ڕۆژانە کۆی دەکردەوە، لەخەرجیەکەی ئەو کەم بکەنەوە، نەک هەرئەوە بەڵکو لەسامانی تایبەتی خۆی هەڵستا بە قەرەبوکردنەوەی ئەوەی لە ڕۆژگاری پێشتریش وەریگرتبو(ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٢، ٢٧١).

نمونەیەکی تری دادپەوروەری خەلیفە ئەبوبەکری سدیق ئەوەیە کە موڵکی تایبەتی خۆشی بوە گەڕاندویەتیەوە بۆ گەنجینەی موسڵمانان، خەلیفە ئەبوبەکری سدیق کاتێک لەسەرە مەرگدا بو، بە عایشەی کچی وت: من پێشتر پارچەیەک زەویم پێداوی بەڵام لەدڵما شتێکی تیابو، بیگەڕێنەوە بۆ ماڵی موسڵمانان ئەویش گەڕاندیەوە، هەروەها بە عایشەی وت: لەوکاتەوەی ئێمە جڵەوی کاروباری موسڵمانانمان گرتۆتە دەست، دینار و درهەمێکمان لەوان نەخواردوە، هەروەها جگە لەخزمەتکارێک و یەک وشتر و یەک پارچە ڕاخەر هیچی ترم لانییە، ئەگەر مردم هەمویان بنێرە بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب، عایشە دەڵێت: ئەو کاتەی مرد هەمویانم نارد بۆلای عومەر،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

خەلیفە عومەر کاتێک بینی دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا، وتی: خودای گەورە لە ئەبوبەکر خۆش بێت ئەرکی فەرمانڕەواکانی دوای خۆی قورس کرد. ( ابن الاثیر،٢٠٠٣، ٢، ٢٧١).

**دروستکردنی دامەزراوەی دارایی:** لەپێناو شەفافیەت و پاراستنی و ئەمانەت و ماڵی موسڵمانان خەلیفە ئەبوبەکر هەستا بە بناغەدانانی گەنجینەی موسڵمانان لەسەردەمی ئەودا گۆڕانکارییەکان لەبواری ئابوری و دارایی دا لە قۆناغی سەرەتایی دابون یا کەمبون، لەبەرئەوەی موسڵمانەکان تازە لەنیمچە دورگەی عەرەبی چوبونە دەرەوە بەمەبەستی فەتحکردنی ناوچەکانی شام و عیراق، دواتر کە دەستکەوت و سامان کە بەدەست دەهات پێویستی بەجێگەیەک بو تیایدا هەڵبگیرێت و چاودێری بکرێت، ئاماژە بەوە کراوە خەلیفە ئەبوبەکر(بیت المال)ی هەبوە، پێیان وتوە: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا(د.خ) ئایا پاسەوانێک بۆ (بیت المال) دانانێیت؟ ئەبوبەکریش وتی: هیچ ترسێکی لەسەرنییە، گوتیان بۆ؟ خەلیفە ئەبوبەکر هەمو ئەوەی تێیدابو دەیبەخشی تاوەکو هیچی تیا نەدەما، ئەبوبەکر لەشاری مەدینە، گەنجینەکەی برد بۆ ئەو ماڵ یان ئەو خانوەی خۆی تێیدا بو(ابن سعد، ١٩٠٥، ٣، ١١٣؛ ابن عساکر، ١٩٩٥، ٣٢٠؛ ابن الاثیر،٢٠٠٣، ٢، ٤٢٢؛ السیوطی، ١٩٥٢، ٧٩).

لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت کە بناغە و سەرەتای دانانی گەنجینەی موسڵمانان (بیت المال) لەسەردەمی خەلیفەی یەکەم ئەبوبەکری سدیقدا دروستکراوە بەشێوەی سەرەتایی، مێژونوسەکان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە چەند کەسێک هەستاون بەگرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی(بیت المال)، بەڵگەش بۆئەوە نمونەی ئەوە دەهێننەوە کاتێک ئەبوبەکری سدیق بو بەخەلیفە، ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕراح پێیوتوە: من کاروباری (بیت المال)ت بۆ دەگرمە ئەستۆ(الطبری،٢٠٠٢، ٢، ٣٥١؛ ابو هیلال العسکری،١٩٩٧، ٢٥٧).

ئەبوبەکری سدیق بەخشش و دارایی گەنجینەی بەیەکسانی دابەشدەکرد، عائیشەی دایکی ئیمانداران دەگێڕێتەوە کە چەندی دەدا بە کەسی ئازاد ئەوەندەشی دەدا بەکەسی بەندە بەپیاو و ئافرەت و بەگەورە و بچوکەوە، هەروەها چەندی دەدا بەکەسێک زو موسڵمان ببو ئەوەندەشی دەشی دەدا بەتازە موسڵمانبویەک، کۆمەڵە کەسێک هاتن بۆ لای گوتیان تۆ هەمومانت وەکو یەک حیساب کردوە، بەڵام کەسی وا هەیە کۆنترە لە ئیسلام هەیە فەزڵ و چاکەی زۆرتر لەکەسانی تر، پێمان باشە بەشی ئەو کەسانە چاکتر بێت، گوتی جارێ من نازانم هەمو ئەو کەسانە کێن کە فەزڵ و چاکانەیان هەیە، ئەگەر واش بێت ئەو کارانە پاداشتیان لەلای خوای پەروەردگارە، ئەوەش مەعاشە و ئاوا باشترە(ابو یوسف،١٩٧٤، ١٤٥؛ ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٢، ٢٧٠).

**دانانی فەرمانبەری دەستپاک لەبواری داراییدا:** خەلیفە ئەبوبەکری سدیق لەبواری دارایی کەسانی دەستپاک و ئەمینی کردە بەپرس بەنمونە کاتێک خەلافەتی گرتەدەست، کاروباری جزیەو خەراجی سپارد بە (ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕراح) وەکو کەسێکی دەستپاک و ئەمین(ابن الاثیر،٢٠٠٣، ٢، ٢٦٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

## سەرچاوەکانی داهات لەسەردەمی خەلیفەئەبوبەکری سدیقدا:

## سەرچاوەکانی داهات پێک دەهات لە:

**١-زەکات:** ماف و حەقی خودای گەورەیە لەسەر موسڵمانان لەوماڵەی کە گەیشتۆتە ڕێژەی زەکات، لەسەر موسڵمانان فەرزە، خودای گەورە دەفەرموێت:{﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٦٠}( القران الكريم، سورة توبة، اية: ٦٠). واتە خودای گەورە هەشت چین دەستنیشان دەکات کە دەشێت ماڵی زەکاتیان پێبدرێت، کە دەفەرموێت: بێگومان زەکات بۆ ئەو کەسانی هەژار، هەروەها کەسانی دەستکورت ئەوانەی شتێکیان هەیە بەڵام بەشیان ناکات، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە کۆکردنەوە و دابەشکردنی زەکات، هەروەها زەکات بۆ ئەو کەسانەیە کە تازە موسڵمان بونە و تا ئاینی ئیسلام بەتەواوی لە دڵیاندا جێگیر دەبێت، هەروەها زەکات دەدرێت بەو کەسانەی لە لەبەرژەوەندی گشتی بەکاریدەهێنن، هەروەها بۆ کڕینی دیل و ئازادکردنیان، هەروەها زەکات دەدرێت بەکەسانی قەرزار تا لەژێر بارگرانی قەرزاری دەردەچن، هەروەها دەدرێت بۆ هەرکارێک کە بەرژەوەندی گشتی تیدا بێت وەک غەزا و نەخۆشخانەو،... هەروەها زەکات دەدرێت بەرێبواران ئەوانەی خەرجی سەرفەرکردنیان لێبڕاوە و تا پێی بگەنەوە ناوچەکانی خۆیان، زەکات فەرزێکە لەلایەن خودای گەورە لەسەر موسڵمانە دەوڵەمەندەکان و دەبێت ساڵانە زەکاتی ماڵ و پارەوماڵاتیان بدەن،... خودای گەورە زانا و ئاگادارە. (نظام الدين عبدالحميد، ٢٠٠٤، ١، ٤٢٧).

هەروەها د.مصطفی زەلمی و عبدالباقی البکری لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێن: زەکات دەدرێت بەمانای: الفقير- هەژار، المسكين- کەسانی دەستکورت، العامل کۆکەرەوەو فەرمانبەرانی زەکات (مصطفى الزلمي، عبدالقادر البكري،١٩٨٩، ٢٠٧)، المؤلفة قلوبهم -تازە موسلمان بو، الرقاب- ئازادکردنی کۆیلە، الغرم قەرزداران، فی سبیل اللە، ابن السبیل- هەتیو(مصطفى الزلمي، عبدالقادر البكري،١٩٨٩، ٢٠٨).

دەربارەی زەکات لەناو موسڵمانەکان لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ)دا زەکات لەساڵی (٢ک)دا لەسەر موسڵمانەکان فەرزکراوە ئەمەش لەفەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)دا هاتوە لەعەبدوڵڵای کوڕی عەباسەوە دەگێڕدێتەوە پێغەمبەر(د.خ) مەعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆ یەمەن پێی فەرمو: ئاگاداریان بکەوە کە خودای گەورە زەکاتی لەسەر موسڵمانان واجب کردوە لە ماڵەکانیاندا کە بگاتە ڕێژەی یا عەدی زەکات، ئەویش لە موسڵمانە دەوڵەمەندەکان وەردەگێرێت و دابەشدەکرێتەوە بەسەر هەژارەکاندا(صحيح البخاري، ٢٠٠٨، ٢، ١٣٥؛ سنن ابی داود،٢٠٠٩، ٢، ١٠٥)، هیچ موسڵمانێک لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ)دا ڕێگرنەبو لەپێدانی زەکات، بەڵکو زەکاتیان دەدا بە حەقی خۆی لەموسڵمانە خوداپێداو و دەوڵەمەندەکان وەردەگیرا دابەشدەکرایەوە بەسەر هەژارەکاندا (الكاتانی، ٢٠٠٨، ١، ٢٣٧).

خەلیفە ئەبوبەکر بەیەکسانی و بەیەک چاو سەیری هەمو موسڵمانانی دەکرد لە وەرگرتنی زەکات چاوپۆشی لەهیچ کەسێک نەکردوە، بەنمونە: خەلیفە ئەبوبەکریش لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر(د.خ)بو هیچ گۆڕانکاریەکی نەکرد لە بڕ و وەرگرتنی زەکات، بەڵام دوای مردنی پێغەمبەر(د.خ)، هەندێک لە موسڵمانەکان پاشگەزبونەوە لەپێدانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

زەکات، گوتیان: بڕوامان بە خودا هەیە و پێغەمبەر(د.خ) نێردراوی خودایە، بەڵام پابەندی ئەو بنەمایەی ئیسلام کە پێدانی زەکاتە نابین، پارەوماڵی خۆمانتان نادەینێ، ڕێگربون لەمە، خەلیفە ئەبوبەکر وتی: وەڵلاهی من شەڕ لەگەڵ ئەوانە دەکەم زەکات نادەن لەماڵەکانیان (صحیح مسلم، بدون سنة، ١، ٣٢)، خەلیفە ئەبوبەکر وتی: سوێند بەخوای شەڕ دەکەم لەگەڵ ئەوانەی کە جیاوازی دەکەن لە نێوان زەکات و نوێژدا، زەکات مافی خودایە، بەڵام خەلیفە ئەبوبەکری سدیق فەرمانی خودای جێبەجێ کردو چاپۆشی نەکرد لە حەقی خودا(ابن العربی، ١٩٩٣، ٦٣). خەلیفە ئەبوبەکری سدیق سیاسەتی پێغەمبەر(د.خ) پەیڕەوکردوە لەوەرگرتنی زەکات و کۆکردنەوەی زەکات خەلیفە ئەبوبەکریش بەهەمان شێوە، والییەکیان بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردوە، و سزای ئەو کەسانەیان داوە، کە سەرپێچیان کردوە لەدانی زەکات(محب الدین الطبری، بدون سنة، ١، ٦٨).

**٢-الجزیة ii:** جزیە لەساڵی (٨ک/٦٣٠ز)دا وەرگیرا، چونکە لەوکاتەدا لە سورە(براءة) ئایاتی جزیە دابەزی، لە ئەهلی کتاب وەرگیرا، بەنمونە پێغەمبەر(د.خ) مەعازی کوڕی جەبەلی نارد بۆیەمەن ڕێکەوتنی کرد لەگەڵ جولەکەکان و جزیەی لێوەرگرتن(ابن الجوزی،٢٠٠٥، ٢، ١١٨).

ئەوانەی لەپێدانی جزیە بەخشرابون ژن و منداڵ و کەسی هەژار کە خێری پێدەکرا، کوێر کە هیچ کارێکی نەبو، و کەم ئەندامیش کە قاچی نەبو(ابو یوسف، ١٩٧٦، ١٢٢) هەر کەسێکیش موسڵمان بوبایە جزیەی لەسەر نەدەما لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق بەم شێوەیە جزیە وەردەگیرا لە ئەهلی زمە (ابن ادم، بدون سنه، ٦١).

### ٣-الغنائم دەستکەوتەکانی جەنگ چون بەدەست دەهاتن و چۆن دابەش دەکران؟

سەبارەت بەدەستکەوتەکانی جەنگ خودا گەورە دەفەرموێت: ۞وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ٤١} (القران الكريم، سورة الانفال،اية: ٤١). واتە: ئەی موسڵمانان ئەو دەستکەوتانەی(غەنیمەت) کە لەکاتی جەنگکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا دەستتان دەکەوێت، دەکرێتە پێنج بەش، چوار بەشی بۆ ئێوەیەو دابەشدەکرێت بەسەرتاندا بەدادپەروەری، بەشێکی تریشی بۆ خوداو پێغەمبەرە کە ئەوەش تەرخانکراوە بۆ پێغەمبەر و کەس و کاری و هەتیوان و هەژاران و ئەوانەی کە لەسەرفەردا خەرجیان لێدەبڕێت و ناتوانن بەئاسانی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، دەبێت دەستکەوتەکانی جەنگ بەم شێوەیە دابەشبکرێت، نەک هەر بەتەنها بدرێت بەوانەی کە لە جەنگدا بەژداربون، ئەگەر ئێوە بڕوادارن بەخودا و ئەوەی ناردویەتیە خوارەوە.(نظام الدین عبدالحمید،٢٠٠٤، ١، ٣٩٥)، خەلیفە ئەبوبەکر لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر(د.خ) بوەو کۆکردنەوەی دەستکەوتەکاندا(ابن هشام،٢٠٠٣، ١، ٦٦٤-٦٦٧).

چۆنیەتی کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی جەنگ، پێویست بو لەسەر سەربازەکان کاتێک فەرمانی پێدەگات لەلایەن سەرکردەی سوپاکەوە لەکاتی سەرکەوتنیان پەلەبکەن بۆکۆکردنەوەی دەستکەوتەکان(الغنائم) دوای سەرکەوتن و کۆتایی جەنگەکە، دەستکەوتەکان ڕادەستی سەرکردەکەیان بکەن نابێت سەرباز هیچ شتێک بشارێتەوە یان بۆخۆی هەڵیبگرێت، بۆئەوەی ئەژماربکرێت و پاشان بەیەکسانی دابەشبکرێت وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا لە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

قورئاندا(الشيرازي،١٩٨٢، ٢٤٨)، سەرکردەی سوپا کەسێکی دیاریدەکرد بۆئەوەی ئاگای لەماڵەکەبێت تا ئەوکاتەی دابەشدەکرێت بەشێوەی دادپەروەری کەسانی شیاودا(ابن قدامة المقدسی، ١٩٨٥،٨، ٤٤٥).

یەکێکی تر لەنمونەکانی دادپەروەری خەلیفە ئەبوبەکر ئەوەیە کاتێک بو بەخەلیفە مولٚکی تایبەتی خۆشی گەڕاندۆتەوە بۆ گەنجینەی موسڵمانان، خەلیفە ئەبوبەکری سدیق کە لەسەرەمەرگدا بو، بە عایشەی کچی وت: من پێشتر پارچەیەک زەویم پێداوی بەڵام لەدڵما شتێکی تیابو ئاسودەنیم، بیگەڕێنەوە (ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٢، ٢٧١).

**تەرخانکردنی زەوی(حمى) بۆ لەوەڕگەی ئاژەڵەکانی دەوڵەت:** لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیقدا بەشێک لەو زەویانەی کە لە پرۆسەی فەتحدا دەکەوتنە دەست موسڵمانان، خەلیفە هەستا بەتەرخانکردنی زەوی و پاوانکردنی بۆ لەوەڕاندنی وشترو ئەسپ،..بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردەهێنرا(الالبانی صحیح سنن ابی داود، بدون سنة،٢، ٥٩٥)، لەسەردەمی خەلیفەئەبوبەکری سدیقدا زەوی تەرخانکرا و پاوانکرا(حمى الارض) بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی دەوڵەت، بەنمونە ناوچەی(وادی النقیع)لەسەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکر دیاریکرا، بەهەمان شێوە کە پێغەمبەر(د.خ) دەیپاراست بۆئاژەڵەکانی دەوڵەت، ئەم ناوچە پارێزراو و پاوانکراوانە زیادکران (ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ٣٢٦).

## تەوەی دوەم: پرسی دادپەروەری لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب(٢٣-١٣ک/٦٣٥-٦٤٤ز)

**کەسێکی شایستە و شارەزا بو لەبواری داراییدا:** عومەری کوڕی خەتاب پێش بونی بەخەلیفە کەسێکی بازرگان بو کاری کڕین و فرۆشتنی دەکرد، شارەزایی لەم بوارەدا هەبو(السیوطی، ١٩٥٢، ١، ٥٥).

**کەسێکی بەخشندەبو:** عومەری کوڕی خەتاب هەر لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) کەسێکی بەخشندەو دەستکراوە بوە لەپێناو خودا، بەخشینی عومەر لەپێناو خودادا بەنمونە کاتێک پێغەمبەر(د.خ)هانی هاوەڵانی دا پارە ببەخشن بەڵێنی بەوانەدا کەپارەیان بەخشیوە خودای گەورە پاداشتیان دەداتەوە، هەرکەسەو بەپێی توانای خۆی بەخشی، عومەری کوڕی خەتاب نیوەی ماڵەکەی خۆی هێنا، پێغەمبەر(د.خ) بە عومەری فەرمو: چەندت هێشتۆتەوە بۆماڵ و خێزانت؟ عومەر وتی: بەقەد ئەوە(سنن ابی داود،٢٠٠٩،رقم: ١٦٧٨).

**خەلیفە عومەر لە هیچ دۆخێکدا خۆی لە خەڵکەکەی جیانەکردۆتەوە و وەک ئەوان ژیاوە** بەنمونە: کاتێک لەماوەی خەلافەتی عومەری خەتابدا شاری مەدینەو دەوروبەری برسیەتیەکی زۆر ڕوی تێکردن، لەساڵی شانزەمی کۆچی دوای گەڕانەوەی خەڵک بو لەحەج، بێبارانی و وشکەساڵی بو تەنانەت مەڕومالات و ئاژەڵەکانیش تیاچون، ئەو برسیەتیە (٩) نۆمانگی خایاند بەشێوەیەک کە زەوی ڕەش بو و وێناکرا بەخۆلەمێش (ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ٣١٠)، خەلیفە عومەر لەخۆی قەدەغەی کردبو وەشتێکی نەدەخوارد کە خەڵکەکەی نەیبو، ئەنەس کوڕی مالیک دەڵێت: خەلیفە عومەر تەنها زەیتی دەخوارد لەگرانیەکەدا خواردنی خۆشی لەخۆی قەدەغە کردبو، دەستی لەسکی خۆی دا وتی: هیتچی ترمان نییە تاوەکو بیخۆیت(ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ٣١٣-٣١٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

## سیاسەتی دارایی خەلیفە عومەری كوڕی خەتاب:

**١-خەلیفە عومەر كەسێكی چاودێر و لێپرساو بو:** عومەری كوڕی خەتاب كاتێك بو بەخەلیفە چاودێری بازاڕی دەكرد و لەناو بازاڕدا دەگەڕاو هەروەها دادوەری لەنێوان خەڵكدا دەكرد.(الطبری،٢٠٠٢، ٥، ٦٧).

یەكێك لە نمونەكانی دادپەروەری خەلیفە لەو وتارەی كە بۆ خەڵكدای دەردەكەوێت: خەلیفە عومەر وتاری بۆ خەڵكدا وتی: سوێند بەخوا فەرمانڕەواكانمان بۆئەوە نەناردوە تاوەكو ئازارتان بدەن و ماڵ و سامانتان لێبستێنن، بەڵكو ئەوانمان بۆئەوە ڕەوانەكردوە، تاوەكو فێری دینداریتان بكەن، ئەگەر ڕەفتارو هەڵسوكەوتێكی جیاوازتان لەفەرمانڕەواكان بینی یان ستەمیانكرد دەبێت منی لێ ئاگادار بكەنەوە، سوێند بەو كەسەی گیانی عومەری بەدەستە سزای ئەو كەسە دەدەم كە ستەم بكات و نادادگەر بێت(ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٢، ٤٥٢).

**-پاراستنی ماڵی موسڵمانان و بەرژەوەندییە گشتییەكان:** خەلیفە عومەر كوڕی خەتاب بە كارگوزارەكان و خەڵكی دەڵێت: ماڵی موسڵمانان گونجاو یان ڕێگەپێدراو نییە بۆمامەڵەكردن و بەكارهێنان تەنها لە سێ كاتدا نەبێت، یەكەم بە حەق وەربگیرێت دوەم بەحەق بدرێت سێیەم ڕێگری بكات لە خراپە وباتیل(ابو یوسف، ١٩٧٦، ١٤١).

**دامەزراندی دیوان و دادپەروەری لەپێدانی بەخششەكان:** دوای فەتحكردنی ناوچەكان و فراوانبونی سنوری خەلافەتی ئیسلامی، بارودۆخی دەوڵەت پێویستی كرد سیستەمێكی جێگیری هەبێت كۆنترۆڵی داهات و خەرجیەكان بكات، خەلیفە عومەر یەكەم كەس بو هەستا بەدامەزراندنی دیوانەكان، ئیبن تەیمیە دەڵێت: دیوانێكی گشتگیرنەبو بۆئەو ماڵەی بەدەست هاتبو لەگەڵ ئەوماڵەی دابەش دەكرا، لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و ئەبوبەكری سدیق دا پارە و سامانەكانیان دابەشدەكرد وردە وردە، بەڵام لەسەردەمی خەلیفە عومەر، ماڵ و سامان زۆربو وڵات فراوان بو بەخششەكانی دابەشكرد(ابن التیمیة، ١٩٦١، ١٢٣).

هۆكاری دامەزراندنی دیوان لەلایەن خەلیفەعومەر، لەپێناو دابەشكردنی سامانی وڵات بەشێوەیەكی دادپەروەرانە، دوای ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامی فراوان بو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، خەلیفە عومەر بیری كردەوە لەڕێگایەك كە ئەو ماڵ و سامانەی دەست دەكەوێت لەڕێگەی (ماڵی فتوحات و صدقات وخیر و جزیە و خەراج،...) بەڕێوەیان بەرێت، لەوكاتەدا سوپا زیادیكردبو، پێویستی بەوەكرد كۆنترۆڵی پێداویستییەكان و ناوی سەربازەكان بكرێت، لەبەرئەوەی ترسی هەبو لەوەی لەكاتی دابەشكردنی بەخششەكان یەكێك هیچی پێ نەدرێت و لەلایەكیترەوە یەكێك هەبێت دوجار پێبدریت، كۆنترۆڵكردنی ئەو بابەتە قورس بو بەبێ دروستكردنی دامەزراوەیەك بۆ ئەمە، بۆیە بیری كردەوە بۆ دانانی بنەمای جێگیر بۆ ئەو ماڵ وسامانە، لێرەوە دیوان دروست بو(الذهبی،١٩٨٧، ١، ١٧–١٨) هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا دامەزراوەی (بیت المال) بەشێوەیەكی سەرەتایی و ڕێژەی هەبو، بەڵام لەسەردەمی خەلیفە عومەری كوڕی خەتاب گۆڕانكارییەكی تەواوی بەخۆیەوە بینی لەسەرجەم لایەنەكانی بو بەدامەزراوەیەكی دارایی تەواو كە ئەمیندارو فەرمانبەری خۆی هەبو، سەرپەرشتی چەند دیوانێكی دیكەی دارایی دەكرد، پەیوەندی هەبو بەو دامەزراوەیەوە ئەو دیوانانەش وەك دیوانی خەراج و بەخشش، سەربازی(الجند)،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

والنفقات خەرجی. (البلازری، ٢٠٠٠، ٢٦٧؛ الذهبی، ١٩٨٧، ١، ١٧؛ ابن المنظور، ٢٠٠٨،٦٣٥؛ ابن الجوزی،٢٠٠٧، ٧٥؛ الذهبی، ١٩٨٧، ١، ١٧؛ القلقشندی، ١٩٨١، ١، ٤٧١).

بەهۆی بەردەوامی پرۆسەی فتوحات لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب و زۆر بونی سامان لە هەرێمەکانی خەلافەتی ئیسلامی و ناردنیان بۆگەنجینە لەشاری مەدینە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، پارە و سامان زیادی کرد لە دەوڵەتەکەی بەڕادەیەک کە پێویستی بەدروست کردنی گەنجینە (بیت المال)و دانانی دیوانکرد، موچەی بۆخەڵکەکەی بڕیەوە بەڕادەی پێویستیان بۆ ژیان، هەروەها موچەی بۆ سەربازانیش بڕیەوە (الذهبی،١٩٨٧، ١، ١٧؛ السیوطی، ١٩٥٢، ١٣٧).

(دیوان – الدیوان)[iii] لەبنەڕەتدا دامەزراوەیەکی فارسیە، کاتێک خەلیفە عومەر قسەی بۆخەڵک دەکرد لەبارەی داهاتی دەوڵەت و زۆربونی پیاوێک پێی وت: فارسەکان دیوانی تۆمارکردنیان هەیە تۆش دیوان دابنێ خەلیفە عومەر لەساڵی (١٥ک/٦٣٧ز)دا دایمەزراند(الماوردی الاحکام، بدون سنة، ٢٩٧)، دەشگوترێت خەلیفە عومەر لەمانگی محرەمی ساڵی(٢٠ک/٦٤١ز)دا دیوانی دامەزراند(الطبری، ٢٠٠٢، ٢، ٤٥٢).

خەلیفە عومەر هەستا بەناردنی کەسانی ڕاستگۆ بۆکۆکردنەوەی زەکات لەهەمو ناوچەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، دادپەروەری هەبو لەدابەشکردنیماڵی موسڵمان لەنێوانیان دا بەبێ زیادەڕەویکردن (امام مالک،٢٠٠٠، ١، ٢٥٦). سیاسەتی دارایی خەلیفە عومەر بەشێوەیەک بو کە هەڵنەدەستا بە پاشەکەوتکردنی ماڵ و سامان لە (بیت المال) بەڵکو دابەشی دەکرد بەدادپەروەری، ئەمەشی بۆ نوێنەرو سەرکردەو فەرمانبەرەکان ناردبو (البلازری، بدون سنة، ١٠، ٢٢٩؛ ابن الجوزی، ١٩٢٤، ٧٦) بەڵکو دابەشدەکرا بەسەر ئەوانەی کە شیاوی وەرگرتنی بون یەک لە دوای یەک واتە پلەبەپلە، گوتراوە کە فەرمانی دەرکردوە بۆ بەتاڵکردنی(بیت المال) بەتەواوی یەکجار لە ساڵێکدا (ابن الجوزی، ١٩٢٤، ٧٩).

**دابەشكردنی بەخششەكان:** ئیبن سەعد دەڵێت: کاتێک خەلیفە عومەر هەستا بەپێدانی بەخششەکان بە موسڵمانان و دامەزراندنی دیوان وتی: بۆیان زیاددەکەم هەرکاتێک ماڵ و سامان زیادی کرد، موسڵمانەکانی دابەشکرد بۆ چەند بەشێک بەپێی موسڵمانبون و خزمەتیان لە ئیسلامدا (ابن سعد، ١٩٠٥، ٣، ٣٠٣).

لەساڵی (١٥ک/٦٣٧ز) خەلیفە عومەر بەخششەکانی بۆ موسڵمانان دیاریکرد و بناغەی دیوانی دانا، ئەو بەخششەکانی لەسەربنەمای پێشینە بەخشی، ئەوکەسانەی پێشینەی باوەڕداریان زیاتربو بەشیان زیاتر بو لەوانی تر، خەلیفە عومەر وتی: بەخشینەکانی ئێوەم لەسەر بنەمای پێشینە لە باوەڕداری دیاریکردوە نەک لە سەربنەمای نەژاد، خەڵکەکەش ڕازی بون وەریانگرت(ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٢، ٣٥٠-٣٥٢).

خەلیفە عومەر بەڕاوێژ بناغەی دیوان دانا، ڕاوێژی بەهاوەڵان کرد، عەلی کوڕی ئەبی تالیب وتی: ئەوەی ساڵانە کۆی دەکەیتەوە لەداهات هەموی دابەشبکە و هیچی مەهێڵەوە، عوسمانی کوڕی عەفان وتی: ماڵێکی زۆرە و بەشی هەموان دەکات، ئەگەر تۆمارنەکرێت، نازانرێت بەکێ بەخشراوە و نەبەخشراوە و لە کێ وەرگیراوە (السیوطی، ١٩٥٢، ١٤٣)خەلیفە سودی لە پێشنیاری هاوەڵان وەرگرت بەنمونە (وەلید کوڕی هیشامی کوڕی موغەیرە) وتی: لەشام بینیم سەرکردەکانیان دیوانی تۆمارکردنیان هەبو خەلیفە عومەر دیوانی دامەزراند ناوی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

سەربازەکانی تۆمارکرد (البلازری، ۲۰۰۰، ۲٦۷) فەرمانی کرد بە هەریەکە لە ڕەچەڵەکناسانی قورەیش (عقیل بن ابی طالب، مخرمة بن نوفل، جبیر بن مطعم) پێی وتن: خەڵکی ناونوس بکەن لە ماڵەکانی خۆیاندا، ئەوانیش لە هۆزی قورەیشەوە دەستیان پێکرد سەرەتا ناوی خەڵکیان تۆمارکرد(البلازری، ۲۰۰۰، ۲٦۷).

یەکێک لە نمونەکانی دادپەروەری خەلیفە عومەر ئەوەبو کاتێک (عەلی کوڕی ئەبی تالیب و عبدالرحمن کوڕی عەوف) پییانوت: لە خۆتەوە دەست پێبکە، خەلیفە عومەر ڕەتی کردەوە وتی: نا، لە مامی پێغەمبەرەوە (د.خ) دەست پێدەکەم و دواتر نزیکتر و نزیکتر، سەرەتا بەخششی عەباسی دیاری کرد، لە عەباسەوە دەستی پێکرد، دواتر بەخششی بەبەدرییەکان بەخشی و پێنج هەزار درهەم لەساڵێکدا (ابن الاثیر، ۲۰۰۳،۲، ۳۵۰؛ ابویوسف، ۱۹۷٤، ٤۲؛ ابوعبید، ۱۹۸٦، ۲۳۸؛ ابن سعد،۱۹۰۵، ۳، ۲۹٦؛ البلازری،۲۰۰۰، ٥٥۰؛ الطبری، ۲۰۰۲، ۳، ٦۱٤) بەشی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی وەک هەر بەشداربویەکی بەدر دیاریکرد کە پێنج هەزار درهەم بو(البلازری، ۲۰۰۰، ۲٦٦).

بۆ ئەوانەی جەنگی بەدر تا ڕیکەوتنی حودەیبیە چوار هەزاری دیاریکرد، بۆ ئەوانەی لەدوای ڕێکەوتنی حودەیبیە تاوەکو جەنگی ئەبوبەکر لەگەڵ هەڵگەڕاوەکان سێ هەزاری دیاریکرد، دواتر بۆ شەڕکەرانی شام و قادسیە دو هەزار دو هەزاری دیاریکرد، بۆشەڕکەرە بەئەزمونەکان دو هەزار و پێنج سەدی دیاریکرد، پێیان وت: ئەگەر شەڕکەرانی قادسیە بخەیتە ڕیزی شەڕکەرانی شەڕەکانی پێشوتر. خەلیفە عومەر وتی: ئەو کەسەنیم پێگەیەک بەوان ببەخشم هێشتا پێی نەگەیشتون. پێیان وت: لەدانی بەخششەکان ئەوانەی کە ماڵەکانیان دورە لەگەڵ ئەوانەی لەناو ماڵەکانی خۆیان شەڕیانکردوە وەک یەک حیسابت بۆکردون، خەلیفەعومەر وتی: ئەوانەی کەماڵەکانیان لەدوژمن نزیکترە شیاوترن بۆزیادە وەرگرتن؟ چونکە ئەوان نیشانە و ئامانجی ترس و هۆکارێک بون بۆ ستەمکردنی دوژمنان لێیان، هەروەها بۆشەرکەرانی دوای قادسیە و یەرموک هەزاری دیاریکرد، بۆ سوارچاکانی (ئەسپ و ئێستر) پێنجسەد و بۆسوارچاکانی دوای ئەوان (ئەسپ و ئێستر و وشتر) سێسەدی دیاریکرد، هەرچین توێژێکی لەبەخششدا بەرامبەر یەکترکرد: بەهێز و لاواز، عەرەب و ناعەرەب هەمو وەک یەک، بۆ سوارەکان (ئەسپ و ئێستر و وشتر و گوێدرێژ) دوسەد و پەنجا، بۆ ئەوانەی دوای ئەوانیش بەخششی دیاریکرد، بۆخەڵکی هەژارو عیباد دوسەدیان پێدان، چوارکەس کە لەشەڕی بەدر ئامادەنەبون پەیوەستی ئەوانی کردن و بەخششەکانی پێبەخشین، بۆ حەسەن حوسێن و ئەبو زەری غەفاری و سەلمانی فارسی بەخششی پێبەخشین، بۆعەباسی مامی پێغەمبەر(د.خ) دەگوترێت دوانزە هەزاری دیاریکرد(ابن الاثیرکامل، ۲۰۰۳، ۲، ۳٥۲) یان کەمتر وەک بەلازەری ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت: تەنها پێنج هەزار درهەم یان دەگوترێت حەوت هەزاردرهەم بۆعەباسی مامی پێغەمبەر دیاریکرا(البلازری،۲۰۰۰، ۲٦۷) بۆهاوسەرانی پێغەمبەر(د.خ) لە پێدانی بەخششەکان وەک یەک پێی بەخشین(البلازری، ۲۰۰۰، ۲٦٦).

ژنانی بەدر پێنجسەد درهەمیان پێدرا، ژنانی دوای ئەوان تا ڕێککەوتنی حودەیبیە چوارسەد، ژنانی دوای ئەوانیش تاوەکو شەڕەکانی پێش قادسیە سێسەد، بەژنانی قادسیەش دوسەد درا، بۆ ژنانی بەرامبەر وەک یەک بەخشرا، بۆ هەمو منداڵەکان سەد درهەم دیاریکرا، دواتر شەست سواڵکەری کۆکردەوەو نانی پێدان، خۆراکەکەی ئەوانیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

بەراوردکرد بینیان لە دو هەمانە دیتەدەر، لەبەرئەمە بۆ هەرکام لەوان و بنەماڵەکانیان دوهەمانەی لە یەک مانگدا دیاریکرد، خەلیفە عومەر پێش مەرگی خۆی وتی: دەمویست و حەزمدەکرد، بەخششەکان چوار هەزار درهەم دیاری بکەم بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا و کۆچی دوای کرد(ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٢، ٣٥٢؛ الماوردی،بدون سنة، ٢٠١) خەلیفە عومەر لەپێدانی بەخشینەکان بەپێی پێشینە لە ئیسلامدا جیاوازی نەدەکرد لە نێوان خەڵکی عەرەب و ناعەرەب وەک یەک بەخششی پێدەدان بەپێی پێشینە لە ئیسلامدا(ابوعبید،١٩٨٦، ٢٤٨؛ ابو یوسف،١٩٧٤، ٤٤).

تەبرانی دەڵێت: خەلیفە عومەر بۆ منداڵەکانیش نەفەقەی بڕیەوە لە گەنجینەی موسڵمانان بۆ ئەوەی منداڵەکان زو لەشیرپێدان ڕانەگیرێن و لەومافە بێبەش نەکرێن لەبەرئەمە ئەمکارەی کرد چونکە کاتێک بەخششەکانی دیاری کرد هەندێ خێزان منداڵەکانیان زور لەشیرپێدان بڕیەوە(الطبرانی المعجم الکبیر، بدون سنة، ٧، ١٢٠-١٢١)، مانگانە بڕی سەد درهەمی بۆ منداڵیێ شیرەخۆر بڕیەوە لەگەڵ خۆراک لە گەنجینەی موسڵمانان کە دەدرا بە بەخێوکەری منداڵەکە ((ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ٢٩٧-٢٩٨).

**وەرنەگرتنی دیاری و ڕەتکردنەوەی:** خەلیفە عومەر لە خواردن و دیاریی دادپەروەرانە مامەڵەی کردوە وەک وەرنەگرتنی دیاری و ڕەتکردنەوەی بەنمونە کاتێک عونبەی کوڕی فەرقەد والی بو لە ئازەربایجان، ڕۆیشت لەئازەربایجان حەلوایەکی خوارد تامیکرد شیرن و خۆش بو خۆی لەوەی دەخوارد، گوتی ئەوە بۆ پێشەوای باوەڕداران ببەم باشە، دو سەبەتەی بۆ ئامادەکرد، بۆ خەلیفەی باوەڕدارانی نارد، کاتێک گەیشتنە لای کردنیەوە، خەلیفە عومەر گوتی: ئەوە چیە گوتیان حەلوای خوبەیسە کە لێی خوارد شیرین بو، گوتی هەمو مسوڵمانان لێی تێردەخۆن، گوتیان نەخێر فرێی دایەوە و گوتی کەوایە نامەوێ بگەڕێننەوە، ئەوەشی بۆعونبە نوسی پێی وت: ئەوە هی کار و کۆششی باوک و دایکت نییە، مسوڵمانان تێر بکە لەو شتەی کە خۆت تێر لێی دەخۆی(ابن الجوزی مناقب الامیرالمؤمنین، بدون سنة، ١٤٧).

**خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب کۆگای خۆراکی دامەزراند:** خانەی ئاردی دانا کە ئارد و ترێ و مێوژو،... تیادابو، دەوڵەت سەرپەرشتی دەکرد دەیدا بە خەڵکی بەبێ بەرامبەر(السیوطی، ١٩٥٢، ١٣٧).یەکێکیتر لەنمونەکانی دادپەروەری خەلیفە عومەر لەبواری دارایی لەبەرامبەر بەخزمەکانیشی مامەڵەیەکی دادپەروەرانەی کردوە وەک لەتەبەری هاتوە دەڵێت یەکێک لە خزمەکانی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب داوای شتێکی لێکرد، خەلیفە عومەر لێی توڕەبو لە ماڵەکەی دەریکرد، پێشەوا عومەر وتی: لە ماڵی خوای دەویست ئەگەر وەک پاشایەکی ستەمکار و خیانەتکار بڕۆمە بەردەم خودای گەورە، پاساوم نابێت(الطبری،٢٠٠٢، ٥، ٥٧-٦١). خەلیفە عومەر لەخواردن و دیاریی دادپەروەرانە مامەڵەی کردوە وەک وەرنەگرتنی دیاری(ابن الجوزی،١٩٢٤، ١٤٧).

**زەکات:** خەلیفە عومەر سیاسەتی پێغەمبەر(د.خ) پەیڕەوکردوە لەوەرگرتنی زەکات، لەڕوی کۆکردنەوەی زەکات، فەرمانبەرێکیان بۆ ئەم مەبەستە دیاریکردوە، و سزای ئەو کەسانەیان داوە کە ئامادەنەبون زەکات بدەن(محب الدین الطبری، بدون سنة، ١، ٦٨). خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، زەکاتی لە موسڵمانەکان وەرگرت ئەوانەی کە ماڵ و سامانەکەیان دەگەیشتە ڕادەی زەکات و ماوەی ساڵێکی بەسەردا دەسوڕابایەوە، دابەشدەکرا بەسەر خەڵکی هەژاردا. (تاریخ الطبری،، ٥، ٣٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

## مامەڵەی پێشەوا عومەر لەگەڵ ئەهلی (الزمة ) لەڕوی دارایی:

**جزیە:** خەلیفە عومەریش بەشێوەیەكی دادپەروەرانە جزیەی لە ئەهلی كتاب (یهودی، مەسیحی و مەجوسی،..) وەردەگرت بەنمونە ڕێككەوتنی خەلیفە عومەر لەگەڵ دانیشتوانی (ایلیا) قدس(بسم الرحمن الرحیم، لە بەندەی خودا عومەر كوڕی خەتاب بۆ دانیشتوانی ایلیا، لە ئەماندایە سەرو ماڵ و كەنیسە و خاچ و،... لەڕێككەوتنەكەدا هاتوە ئەوەی لەم نامەیەدا هاتوە پەیمانی خودایە لە زیمەی پێغەمبەر(د.خ) و خەلیفەكان و زیمەی موسڵمانان دایە، ئەگەرهاتو ئەو جزیەی لەسەریانە دایان، خالیدی كوڕی وەلید و عبدالرحمن كوڕی عەوف و عومەری كوڕی عاس شاهیدن لەسەری ڕێككەوتنەكە نوسرا لە ساڵی (١٥ك/٦٣٧ز))دا بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (الطبری، ٢٠٠٢، ٤، ٣٤٦). وەرگرتنی جزیە جیاوازبو لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر لەڕوی وەرگرتن و كارئاسانی، تەنانەت لەناو یەك ناوچەش لەشوێنە جۆراجۆرەكان جیاوازبو، ئەمەش بەهۆی جیاوازی لەمەرجەكانی ڕێككەوتن، لە باشوری عێراق لەحیرەو نایقیا و بالیس، لەسەردەمی خالید كوری وەلید ڕێككەوتنیان هەبو، كە هەریەكەیان جزیەیەكی هاوبەشیان داوە وە زەویەكە لەدەستی خاوەنەكەی خۆیدا ماوەتەوە لەكاتێكدا كە خاوەنداریەتی زەویەكە تایبەت بوە (ابن خیاط، ٢٠٠١، ٨٥؛ الطبری،، ٣، ٣٤٥؛ البلازری، ٢٠٠٠، ٣٤٤-٣٤٦)، تەنانەت وەرگرتنی جزیە لە دێیەكان سپێردرابو بە دەهقانەكان لەخەڵكی دێیەكەی خۆی كۆدەكردەوە و دەیدا بە لێپرسراوی جزیە(ابن السلام،١٩٨٦، ٥٢).

دادپەروەری لە وەرگرتنی جزیەدا بەجۆرێك ئەگەر موسڵمانان نەیاتوانیبا بیان پارێزن ئەوا بۆیان دەگێڕانەوە، بەنمونە كاتێك موسڵمانەكان لەدوای پرۆسەی فەتح(حمص) جزیەیان لە ئەهلی كتاب وەرگرت، بەڵام كاتێك بیستیان كە ڕۆمەكان سوپایەكی گەورەیان ئامادەكردوە هێرش دەكەنە سەر موسڵمانەكان، و موسڵمانەكان ناتوانن بەرگری لە خەڵكی حمص بكەن ئەگەر هەیە ناچارین بكشێنەوە، بۆیە ئەوەی وەك جزیە لێیان وەرگرتبون بۆیان گەڕاندنەوە(البلازری،٢٠٠٠، ١٤٣).

خەلیفە عومەر چەندین نمونەی هەیە لەبواری دادپەروەری لەگەڵ ئەهلی زیمە هەبوە بەنمونە ڕۆژێك لەمەدینە بەلای كۆمەڵێك خەڵكدا تێدەپەڕی پیرە پیاوێكی كوێری بینی خەریكی سواڵ كردن بو!؟ لەپشتەوە دەستێكی لەپیشتیدا و پێی وت: تۆ لەكام خاوەن كتێبەكانی؟ پیاوە بەتەمەنەكەش گوتی: جولەكە، خەلیفە عومەر وتی: چی وای لێكردی سواڵ بكەیت؟ گوتی نەدار و بێ توانام وە بەساڵاچوم توانای كاركردنم نییە و داوای جزیەم لێدەكەن بۆ ئەوەی بیدەم، خەلیفە عومەر دەستیگرت و بردی بۆلای لێپرسراوی(بیت المال)پێی وت: ئەم پیاوە و هاوشێوەكانی بەخوا دادپەروەریمان لەگەڵ نەكردوە، ئەگەر لەتەمەنی گەنجی جزیەمان لێوەرگرت و پاشان لەپیری وازی لێ بهێنین ئەمە نابێت، وتی: جزیەی لێوەرمەگرن بەشی پێداویستیەكانی ژیانی هاوكاری پێ بدەن مانگانە(ابو یوسف، ١٩٧٤، ١٥٠؛ فوزی كمال ادهم، ٢٠١٠، ١١٠).

یەكێكی تری نمونەكانی دادپەروەری خەلیفە عومەری كوڕی خەتاب دادپەروەری بوە لەگەڵ قبطیەكانی میسر، نوسراوی نوسی بۆ عەمری كوڕی عاس والی میسر پێی وت: چاكەكاربیت لەگەڵ قبطیەكان و باش مامەڵەیان لەگەڵ بكەیت، فەرمانی پێكرد بە وەرگرتنی خەراج بەوەندەی كە پێویستە، خەراج وەرنەگرێت تەنها لەوانە نەبێت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

كە پێویستە لێیان وەربگیرێت، هەروەها بۆی نوسی كە خودای گەورە تۆو كردەوەكانت دەبینێت، و ئەو ئایەتی خودای گەورەی بۆ نوسی {...وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا٧٤}( القران الكريم، سورة الفرقان،اية: ٧٤). واتە بمانكە بە پێشەوا بۆ ئەو كەسانەی كە تەقوای خودای گەورە دەكەن و لە چاكەدا خەڵكی چاومان لێبكەن(صلاح الدين عبدالكريم، ٢٠٢٠، ٥٠٧)، هەروەها پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: ئێمە لەگەڵ قبطیەكان بەڵێنمان هەیە كە ئەهلی كتابن ئێوەش خاوەن بەڵێن بن لەگەڵ ئەواندا(ابو يوسف، ١٩٧٤، ٧١-٧٢).

وەرگرتنی جزیە لەلەسەردەمی خەلیفە عومەردا خەڵكی میسرِ و خەرجكردنەوەی بەشێكی زۆری ئەم جزیەیە لە پرۆژەی گشتی لەمیسر بەشێوەیەكی دادپەروەرانە بەنمونە: عەمری كوڕی عاس جزیەی لەخەڵكی میسرِ وەردەگرت و بڕی (١٢٠)سەد و بیست هەزاری خەرجەدكرایەوە لە میسر بۆ دروستكردنی پرد و قەنترە و پرۆژەی ئاودێری و ڕێگاو بانەكان لەمیسر (ابن عبدالحكم فتوح مصر والمغرب، ٢٠٠٤، ١٧٧).

خەلیفە عومەر كارئاسانی كردوە لە وەرگرتنی جزیە لەئەهلی زممەدا بەهۆی ڕەفتاری جوانی خەلیفە عومەریان خۆش دەویست، ئەوان ڕازیبون بە پێدانی جزیە لە بەرامبەر ئەو مافانەی كە پێیان درابو وەك پاراستنیان و ئازادی بیروباوەڕ و پەرستشەكان و كاركردن،..(البلازري، ٢٠٠٠، ٢١٨).

لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەكری سدیقدا زەوی تەرخانكرا وە پاوانكرا(حمى الارض) بۆ لەوەڕاندنی وشترو ئەسپ و ئاژەڵەكانی دەوڵەت، بەنمونە ناوچەی (وادي النقيع) لەسەردەمی خەلیفەعومەر بەهەمان شێوە كە پێغەمبەر(د.خ) دەیپاراست بۆئاژەڵەكانی دەوڵەت، ئەم ناوچە پارێزراو و پاوانكراوانە زیادكران لەسەردەمی خەلیفە عومەردا ئەمەش بەهۆی زیادبونی وشترو ئەسپەكانی دەوڵەت كە ئامادەكرابون بۆ جیهاد، لەوانەش پاوانكردنی (الربزه)[iv] بۆ ئاژەڵەكانی زەكات وە سەرپەرشتیارێكی لەسەردانا بو ڕایسپاردبو كە ڕێگە بدات بە لەوەڕاندنی ئاژەڵی ئەو كەسانەی كە وشتریان یان ئاژەڵیان كەم بو، و ڕێگە بەدەوڵەمەندەكان نەدرێت بۆ لەوەڕاندن، هەروەها زەویەك لە (ديار بن ثعلبة) تەرخانكرا بۆ هەمان مەبەست سەرەڕای بەرهەڵستیكردنی لەلایەن خەڵكەكەی، خەلیفە عومەریش وتی: زەوی زەوی خودایە(ابن سعد،١٩٠٥، ٣، ٣٢٦).

**(خەراج)**[v]**:** خەراج باجێكە وەردەگیرا لەو زەویە كشتوكاڵیانەی كە لە دوای پرۆسەی فتوحاتیش لە دەستی خەڵكی ناموسڵماندا دەهێڵدرایەوە ئەم باجەیان لێوەردەگیرا كەبڕەكەشی (دەیەك)بو، لەپاش وەرگرتنی خەرجەدكرا بۆبەمەبەستی بەرژەوەندی گشتی (ابن قدامة المقدسي، ١٩٩٤، ٢، ٥٧٩-٥٨١؛ مصطفى الزلمي، عبدالباقي البكري،١٩٨٩، ٢٥٧؛ البلازري، ٢٠٠٠، ٢٦٥).

لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و خەلیفە ئەبوبەكردا ئەمە وەرنەدەگیرا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی كە فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی ئەواندا سنوردارو كەمبو، بەڵام كاتێك لەسەردەمی خەلیفە عومەر ناوچەیەكی زۆرفەتحكرا خەراجی دانا لەسەر ئەو زەویە كشتوكاڵییەكان، مەبەستی لەم كارەدا بەرژەوەندی گشتی بو، بەشێوەیەك زەویەكانی (وقف) لەسەر موسڵمانان بەگشتی بەشێوەیەك كەخەراجی لێدەربهێنرێت و خەراج گەورەترین داهاتی دەوڵەت و گرنگترین دەستكەوتە وەردەگیرێت خەلیفە عومەر لە (سواد) ئەو زەویانەی بەكەڵكی كشتوكاڵكردن دەهاتن لەنێوان بەسرا و كوفەدا دەگرێتەوە خەلیفە عومەر بەشێكی زەویەكانی خەراجی دابەشكرد لە نێوان سەربازەكاندا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

خەراجی لێوەردەگرتن و بەشێكیش لەدەست خەڵكەكە هێشتەوە كاریان لەسەردەكرد و خەراجیان دەدا (ابويوسف، ١٩٧٤، ٢٤-٢٥؛ الماوردی،٢٠٠٦، ٢٧٠) كاتێک جزیە لەسەر ئەهلی زممە لادەچێت دوای موسڵمان بونیان بەڵام خەراج دوای موسڵمان بونیش هەردەمێنێت(ابن العساكر، ١٩٩٥، ١، ١٨٢).

خەلیفە عومەر سیاسەتی لەبارەی زەوی بەجۆرێک بو كە ئەگەر هەركەسێک زەویەكی هەبو بۆ ماوەی (٣ساڵ) وازی لێهێنا و بەجێیهێشت، دواتر كەسێكی تر هات زەویەكەی ئاوەدانكردەوە و چاكسازی تێدا كرد ئەوا ئەو حەقترە پێی(الماوردی،٢٠٠٦، ١٨٣؛ فوزی عطوی، ٢٠٠٥، ٤١٨). عومەری كوڕی خەتاب لەكاتی دابەشكردنی زەویەكان دانی خەراج لەسەری لەگەڵ ئەنجومەنی شورا كۆدەبۆوە و كەیێک دەهاتن لە كۆچەری و پشتیوانەكان، وە مەبەستیان تەنها بە دیهێنانی حەق و كاركردن بە كتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەر(د.خ)بو و دوای گفتوگۆیەكی زۆر گەشیتنە ئەنجام زەویەكان (وقف)بكرێت لەسەر ئەوانەی كاریان لەسەر دەكرد، و خەراجیان لەسەر دابنرێت و جزیەش لەسەر ئەهلی جزیە دادەنرا، كەبەشێكیان سەربازە موسڵمانەكان بون كە زەویەكانیان پێدرا بو بۆ ئەوانەی دوای ئەوانیش(ابوعبيد، ١٩٨٦، ١٤؛ ابن ادم،بدون سنة، ٤٣-٤٤).

بەهۆی بەردەوامی پرۆسەی فتوحات لەسەردەمی خەلیفە عومەری كوڕی خەتاب و زۆربونی سامان لە هەرێمەكانی خەلافەتی ئیسلامی لەدوای كرانەوەی كرانەوەكان(الفتح الفتوح) ڕوپێوی زەویەكانی(السواد) عیراق كرا بری خەراجەكەی دیاریكرا(الذهبی، ١٩٨٧، ١، ١٧؛ السيوطی، ١٩٥٢، ١٣٧).

خەلیفە عومەر دادپەروەربو لەدیاریكردنی خەراجی زەویەكان ئەمەش دەردەكەوێت لەو هەنگاوانەی كە لەم بوارەدا نای: ڕوپێوی و پێوانەی زەوی خەراجەكە دەكرێت، ئەمەش بۆ زانینی ڕوبەری زەویەكە كە خەراجی لێوەردەگیرێت، خەلیفە عومەر، هەریەكە لە (عوسمانی كوڕی حەنیف)، (ئەبوحوزەیفەی یەمانی) ناردنی بۆ پێوانەكردنی ڕوبەری زەوییەكانی عیراق كە سی و شەش هەزار هەزار (جەریب)[vi]بو، لەسەر هەر جەریبێک یەک درهەم و (قەفیز)[vii]ێكی دانا (ابن ادم، بدون سنة، ٧٧)، هەروەها زەویەک كە بەكەڵكی كشتوكاڵ نەدەهات یان ئاوی تێدا كۆدەبۆوە یا جەنگەڵ و دارستان بێت یان گردۆڵكەبو ئەوا ڕوپێوی نەدەكرا، وەڵامی ئەمەشیان بۆ خەلیفە عومەر ناردەوە (سير لاعلام النبلاء الذهبی، ٢٠٠١، ٢، ٣٢٠-٣٢١).

لەكارخستنی زەوی خەراج، خەلیفە عومەر بڕیاری سەپاندنی خەراجی دا لەسەر ئەو زەویانەی كە خاوەنەكەی دەیتوانی سودی لێوەربگرێت جا ئەگەر هەستا بێت بە سودوەرگرتنی، بەڵام ئەوانەی جیاكردەوە كە خاوەنەكەی نەیدەتوانی سودی لێوەربگرێت بەهۆی بارودۆخێک كە دوربو لەتوانای خاوەنەكەی وەک زەویەكە بكەوێتە ژێر لافاو و لیتە یان توش بونی بەنەخۆشی و ئافات بێت، لێرەدا خەراجی لێوەرنەدەگیرا، ئەوەی كە خەلیفە عومەر كردی لە میسر كاتێک كە عەمری كوڕی عاس كارگوزاری ئەو بو لەوێ، هەندێ لە زەوی بەكارنەدەهێنران چونكە ڕوباری نیل داپۆشی بو یان بۆ ئاودێری ئاوی ڕوباری نیلی پێنەدەگەیشت، لەبەرئەوە بەباشی نەزانی كە خەراج لەزەویەک وەربگیرێت كە خاوەنەكەی نەتوانێت سودی لێوەربگرێت و دای بچێنێت، لە شام و خوراسان باران زەویە كشتوكاڵەكەی ئاو دەدا لەگەڵ ڕوبارەكان، هەركەسێک وازی لە زەویەكەی هێنابێت خۆی ئازاد بوە لەوە (المقدسی،١٩٨٠، ٦٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لەساڵی(٢٢ک)دا ئەو زەویانەی کە لەسەردەستی خەڵکی کوفە و بەسرا فەتح کرابون باج و داهاتەکانی بەشێوەیەکی بەرابەر بەسەردا دابەشکردن(ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٤، ١٤٣٨).

(الفیء)[viii] واتە زەویەک بەڕێکەوتن دەستی بەسەردا دەگیرا، خەلیفە عومەر ئەو زەویانەی لەدەستی خاوەنەکانیاندا هێشتەوە ئەوانەی لەسەر ئاینی خۆیان بون (اهلی الکتاب) لەبەرامبەر پێدانی خەراج بە موسڵمانان (ابو یوسف، ١٩٧٤، ١٣٤-١٣٥)، لەسەر بنەمای ئەو ئایاتەی خودای گەورە دەفەرموێت{وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ...}، (القران الکریم، سورة الحشر، اية: ٦). واتە: ئەو ماڵ و (فیء)ی کە دەست موسڵمانان دەکەوێت لەکاتی ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ بێباوەڕان بەبێ جەنگ و کوشتار ئەمە بۆ خودای گەورەیە، خودای گەورە خۆی دیاریدەکات وە بۆ پێغەمبەر(د.خ)و خزمەکانی (کە حەرام بوە زەکات وەربگرن)، هەروەها دەدرێت بە هەتیو بێباوکان،... (صلاح الدین عبدالکریم، ٢٠٢٠، ٧٩٣).

**العشور التجاری:** دەیەکی بازرگانی، باجێکە وەردەگیرا لەبازرگانەکانی ئەهلی زیمە یان بازرگانانی ئەو دەوڵەتانەی شەڕدەکەن لەگەڵ موسڵمانان و بازرگانەکانیان دێن بۆ سنوری دەوڵەتی ئیسلامی، یەکەمجار ئەو باجە وەرگیرا لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب بو، ئەبوموسای ئەشعەری نامەی بۆ خەلیفە عومەر نوسی پێی وت: کاتێک بازرگانانی موسڵمان دەچنە سنوری وڵاتانی جەنگ یان وڵاتانی ناموسڵمان باجی دەیەکیان لێوەردەگیرێت، خەلیفە عومەریش پێوت: ئێوەش بەهەمان ئەندازە باج لە بازرگانانی ئەوان وەربگرن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. (ابو یوسف، ١٩٧٤، ١٣٥؛ ابن ادم، بدون سنة، ١٧٣).

خەلیفە عومەر فەرمانبەرێکی ڕاسپارد بە وەرگرتنی دەیەک (العشور التجاری)، لەو بازرگانانەی کە بە سنوری خەلافەتی ئیسلامیدا تێپەردەبون جا هاتبن یان ڕۆیشتبنە دەرەوەی سنوری خەلافەت (ابو یوسف، ١٩٧٤، ٢٧١).

**دەستکەوتەکانی جەنگ و سامانی ژێرزەوی (کنز) لە ژێرزەویدا:** ئەمە وەردەگیرا لە دەستکەوتەکانی جەنگ و یان ئەو ماڵ و کانزایانەی کە لە ژێر زەوی دابون چوار لەسەر پێنجی بۆ سەربازە ڕزگارکەرەکان بو، و پێنج یەکیشی بۆ بەرژەوندی گشتی بەکاردەهات (مصطفی الزلمی، عبدالباقی البکری، ١٩٨٩، ٢٥٧)، وەک خودای گەورە دەفەرموێت: {وعلموا انما غنمتم من شیء...}.(سورة الانفال، اية:٤١)پێشتر لەتەوەرەی یەکەمدا تەفسیرمان کردوە.

**وتەی خەلیفە عومەر کە دەڵێت: (من این لک هذا):** خەلیفە عومەر، توندبو لەلێپرسینەوە لەگەڵ کارگوزارەکانی کاتێک کە دەیکردن بە کارگوزار لە ناوچەیەک، ماڵ و موڵک و سامانەکەی دەنوسین، پاشان لەدوای تەواوبونی کارەکەیان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکردن کاتێک گومانی بۆ دروست بوبایە کە ماڵەکەیان زیادی کردوە، بەنمونە لەگەڵ کارگوزاری شام خالیدی کوڕی وەلید ئەنجامیدا کاتێک دوای ئەوەی ماڵ و سامانەکەی هەڵسەنگاند بینی سامانەکەی زیادی کردوە لەدوای تەواوبونی کارەکەی، زیادەکەی لێوەرگرتەوەو خستیە گەنجینەی موسڵمانان، دەگوترێت بڕەکەی زیاتر لە دەهەزار درهم بو(ابن سعد، ١٩٠٥، ج٣، ٣٠٧).

خەلیفە عومەر زیادەڕۆیی نەدەکرد بەنمونە: لەساڵی هەژدەی کۆچی موسڵمانان توشی نەخۆشی و گرانیەکی سەخت بون لەو ساڵەدا قاتوقڕی ڕوی لە وڵاتکرد، پێشەوا عومەر کاتێک بارودۆخ ئاسایی بۆوە، خزمەتکارەکەی گوتی سوێندەکەت گەیاندەجێ، هەندێک شیر و ڕۆنی بۆ کڕی لە بازاڕ و بۆی بردەوە، گوتی بەچەند کڕیوتە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

گوتی بە چل (٤٠) ئەویش گوتی زۆرت پێداوە برۆ بیکە بەخێر، چونکە من حەزناکەم شتێک بخۆم ئیسراڤی تێداکرابێت(ابن الاثير، ٢٠٠٣، ٢، ص٢٩٦).

**باسی دوەم: پرسی دادپەروەری لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان و خەلیفە علی کوڕی ئەبی تالیب (٢٣-٤٠ک/٦٤٤-٦٦١ز):**

**تەوەرەی یەکەم: پرسی دادپەروەری لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان(٢٣-٣٥ک/٦٤٤-٦٥٦ز):**

**١-عوسمانی کوڕی عەفان کەسێکی بەخشندەبو لەبواری داراییدا:** پێش ئەوەی ببێت بەخەلیفەش کەسێکی بەخشندەو دەستکراوە بوە لەپێناو خودا، پێغەمبەر(د.خ) هانی هاوەڵانیدا پارەببەخشن بەڵینی بەوانەدا کە پارەیان بەخشیوە خودای گەورە پاداشتیان دەداتەوە، هەرکەسەو بەپێی توانای خۆی بەخشی، عوسمانی کوڕی عەفان خاوەنی زۆرترین ماڵی بەخشی لەپێناو خودا، ماڵ و سامانە بەکارهێنرا بۆ بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان (سنن ابی داود،٢٠٠٩، كتاب زكاة، ڕقم: ١٦٧٨).هەروەها کاتێک موسڵمانەکان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) توشی نارەحەتی بون بەهۆی ئەوەی لەمەدینە بیرێکی ئاوی لێبو خاوەنەکەی پیاوێکی جولەکە بو، ئاوی بەبێبەرامبەر نەدەدا بەکەس، پێغەمبەر(د.خ) فەرموی: (من حفر بئر رومة فله الجنة)، عوسمانی کوڕی عەفان هەستا بەکڕینەوەی بیرەکە بۆئەوەی لەڕێگەیەوە بەهەشت بکرێت، بیری ڕومەی کڕی بەسی و پێنج هەزار درهەم، ئیبن قوتەیبە دەڵێت: بەبڕی بیست هەزار درهەم کڕی، لەپێناو خودای گەورە خستیە خزمەت خەڵکی مەدینە. (البخاری صحیح، بدون سنة، ١٠، ١٩٠؛ ابن القتيبة،١٩٩٢، ٦، ١٤٧–١٤٨).

**٢-بەخشش و موچەلەسەردەمی خەلیفە عوسمان کوڕی عەفان:** سیستەمی بەخشش بەردەوام بو، وەک سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، بەهەمان شێوە لەسەر بنەمای پێشینەیی لەئیسلامدا بەخششەکان دابەشدەکرد. (ابن سعد،١٩٠٥، ٨، ٢١٠؛ الطبری،٢٠٠٢،٤، ٢٧٩؛ ابن القدامة المقدسی، ١٩٩٤، ٩، ٣٠٠)، کاتێک پرۆسەی فتوحاتەکان فراوان بو، دەستکەوتەکانی دارایش زیاتربون ئەمە وایکرد کە خەلیفە عوسمان خەزێنەی بۆ دابین بکات و(ابن تغری بردی، ١٩٩٢، ١، ٨٧) هەروەها ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبو لەسەر بڕی بەخشینەکان، بەشی سەربازەکانی زیادکرد، بۆ هەر سەربازێک بڕی (١٠٠)درهمی زیادکرد، ئەو یەکەم خەلیفەبو کە بەخششەکانی بۆخەڵکی زیادکرد. (الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ٢٤٥).

خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفانیش لەسەر هەمان ڕێبازی خەلیفە عومەر کوڕی خەتاب بەردەوام بو لە پێدانی بەخششەکان بەنمونە لە توێژی منداڵانیش بەپێی تەمەن بەخششیان پێدرا، بەنمونە پێدانی بەخشش بە منداڵەکان کە لەسەردەمی خەلیفەی پێشو عومەری کوڕی خەتاب لە (١٠٠ درهم)ەوە زیاد کرا بۆ (٢٠٠ درهم) بۆ منداڵی گەورەتر، و بەپێی تەمەن ئەم بڕەی بۆ زیادکردن تا باڵغبون، بەشێوەی مانگانە ئەویش پەیڕەوی کردو بەردەوام بو لەسەر ئەمەم بەخشش پێدانە (ابو یوسف، ١٩٧٤، ٤٦؛ ابو عبید، ١٩٨٦، ٢٥٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

خەلیفە عوسمان نامەی بۆ والییەکانی نوسی پەیڕەوی لەم سیاسەتە بکەن لەبەخشیندا: خەلیفە عوسمان بۆ والی کوفەی نوسی بەشی هەریەکێکیان بدات بەپێی مافی خۆی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.(الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ٢٨٠).

هەروەها خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان ڕێگری دەکرد لە قورخکاری و نەهی لێکردوە، هەروەک خەلیفەی پێشو، خەلیفە عوسمان جیاوازی نەکردوە لەحەڕامکردن لەنێوان خواردن و پێداویستی و شتیتردا لەبەرئەوەی قەدەغەکردنەکەی گشتی بوە بەتایبەتی ئەوەی لەفەرمودەی پێغەمبەر(د.خ)دا هاتوە ڕێگریکردوە لەقۆرخکاری بەشێوەیەکی تەواوەتی (امام المالک المؤطأ، بدون سنة، ٢، ٦٥١). لەم پێناوەشدا خەلیفە عوسمان کوڕی عەفان بۆ ڕێگریکردن لە قۆرخکاری و کەموکوڕی لەبازاڕدا، لەشاری مەدینە کەسێکی بەناوی (عوسمانی کوڕی حارسی کوڕی حەکەم) وەک چاودێر دانابو بۆ ئاگاداربونن لە بازاڕو مامەڵەی کڕین و فرۆشتن (محب الدین الطبری ریاض نضرة، بدون سنه،٣، ١١٧).

یەکەم نامەی خەلیفە عوسمان بۆ لێپرسراوانی کۆکەرەوەی باج ڕەوانەکرد، بەم شێوەیە بو دەڵێت: بسم الله الرحمن الرحیم (خودای گەورە دروستکروەکانی بەڕاستی دروستکرد و تەنها بەڕاستی ڕازی دەبێت، لەبەر خوا ماف وەربگرن و بیدەن، ئەمانەتداربن، ڕێز لە ئەمانەتییەکان بگرن، لە دەستەی یەکەم کەسان مەبن کەخیانەت لە ئەمانەت دەکەن، لە کردەوەکانی خۆتان بیر لەئەخلاق بکەنەوە، ڕێز لەپەیمانەکانتان بگرن، دادپەروەربن و ستەم لە هەتیو و پەیماندارەکان (ئەهلی زممە) مەکەن، چونکە خوای گەورە دوژمنی کەسانێکە کە ستەم لەوان دەکەن)، (الطبری،٢٠٠٢، ٦، ٢٣٣).

لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان پرۆسەی فتوحات بەردەوامی هەبو، ئەو فتوحاتانە ئەوەی لێکەوتەوە کە زەویە کشتوکاڵیەکانی وڵاتە فەتحکراوەکان کەوتە ژێردەستی موسڵمانەکان، خەلیفە عوسمانیش وەک خەلیفەی پێشو ئەو زەویانەی بەڕێککەوتن دەکەوتنە دەست موسڵمانەکان کەبە(فیء)ناسرابو واتە زەویەک بەبێ جەنگ کەوتبێتە دەست موسڵمانەکان، خەڵکەکەی لەسەر هێشتەوە لە (ئەهلی کتاب)، ئەوانەی کە لەسەر ئاینەکەیان مانەوە بۆ ئەوەی کشتوکاڵی لەسەربکەن لەبەرامبەریشدا خەراجیان دەدا بە دەوڵەت. (القطب ابراهیم سیاسة المالی عثمان، بدون سنة، ١١٣).

خەلیفە عوسمان پابەندی بەڵێن و ڕێککەوتنی خەلیفەی پێشو بو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکان، بەنمونە کاتێک خەڵکی ئازەربایجان و ڕۆمیە لەگەڵ خەلیفە عومەر ڕێکەوتبون لەسەر بڕی(٦٠٠) سەد هەزار درهەم ساڵانە بدەن وەک باجی خەراج بەدەوڵەت، خەلیفە عوسمان پابەندی ڕێککەوتن بو لەگەڵین لەسەر هەمان بری پێشو. (الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ٨٩). خەلیفە عوسمانیش سیاسەتی پێغەمبەر(د.خ)و خەلیفەکانی پێش خۆی پەیڕەوکردوە لەوەرگرتن وکۆکردنەوەی زەکات، خەلیفە عوسمان بەهەمان شێوە زەکاتی وەرگرتوە(محب الدین الطبری، بدون سنة، ١، ٦٨). لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفاندا لە بابەتی وەرگرتنی زەکات ئازادی درابو بە خەڵکی کە خۆیان بیدەن بەخەڵکی یان بە فەرمانبەری دەوڵەت، زەکاتی دایە دەست خەڵکی خۆیان کاتێک کە زەکاتیان لە ماڵەکانیان دەدا، ئازادی کردبون لەوەی کە خۆیان بەو کارە هەڵدەستن یان دەیدەن بە فەرمانبەرانی دەوڵەت. (السیوطی، ١٩٧٤، ١٦٢). خەلیفە عوسمان وەک خەلیفەکانی پێشو کەسانی دەسپاک و ئەمینی دانابو بۆ کاروباری دارایی،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

بەنمونە: زەیدی کوڕی سابتی لەسەر دامەزراوە (بیت المال) دانابو کەعبی کوڕی مالیکیشی لەسەر دارایی و زەکاتی مەدینە دانابو.(ابن الاثیر، ٢٠٠٣، ٣، ٨٢).

جزیە: خەلیفە عوسمان لەپەیامەکەیدا بۆ کۆکەرەوەی باج دەڵێت: خوای گەورە بونەوەری بە حەق دروستکردوە، تەنها حەقیشی قەبوڵە، بۆیە بە حەق وەرگرن و بە حەق ببەخشن، ئەمانەت و سپاردە بپارێزن و وەفاداربن، ستەم لە هەتیو و موعاهید (خاوەن دینەکانی تر) مەکەن.(الطبری،٢٠٠٢، ٦، ٢٣٣). ئەهلی زیممە بەهۆی پێدانی جزیە، کەوتنە ئەمانی موسڵمانان و لە ئاشتی و ئاسایش دابون(ابو یوسف، ١٩٧٤، ١٢٢).

**خەلیفە عوسمان وەک خەلیفەکانی پێشو داهاتی وڵاتی بۆ موچە و بەرژەوەندی گشتی بەکاردەهێنا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە:** خەلیفە عوسمان کوڕی عەفان داهات دارایی بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردەهێنا بەنمونە: لە گەنجینەی موسڵمانان هەستا بەخەرجی کێشانی حاجیانی ماڵی خودا کە لەهەمو ناوچەکانی سنوری خەلافەت دەهاتن بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج، هەروەها فراوانکردنی مسجد الحرام (کەعبە)، هەروەها مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) لە مەدینە نۆژەنکردەوە. (الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ٢٥٠).

یەکەم خەلیفە کە سەد درهەمی بە مانگانەی خەڵکی زیاد کرد عوسمانی کوڕی عەفان بو، پێشتر خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب بۆ منداڵی ئەو کەسانەی مانگانەیان وەردەگرت، لە مانگی ڕەمەزان ڕۆژی یەک درهەمی زیادکردبو، پێیان وت: چی دەبێت ئەگەر خوانێکی زۆر ئامادەبکەیت و هەمویان کۆبکەیتەوە، عومەر وتی: خەڵکی دەبێت لە ماڵی خۆیان تێربن، خەلیفە عوسمان درێژەی بەم کارەی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا خواردنی بۆ ئەوانەی لەمزگەوت دەمانەوە یان هەژارەکان ئامادەدەکرد. (الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ٨٧)، خەلیفە عوسمان بەهۆی سەرقاڵ بونی بەکاروباری خەلافەتەوە بەخششی لە(بیت المال) وەردەگرت کە بڕەکەی بەو ئەندازەیە بو، کەخەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دیاریکردبو لەساڵێکدا. (الطبری،٢٠٠٢، ٣، ٤٣٢؛ ابن سعد، ١٩٠٥، ٣، ١٨٥-١٨٦)، دەگوترێت: بڕەکەی کەمتربوە تەنها دو هەزار پێنج سەد درهەم بوە لە ساڵێکدا(ابن سعد، ١٩٠٥، ٣، ١٨٢).

لەسەردەمی خەلیفە عوسمان بارودۆخی خەڵک باش بو، خەلیفە عوسمان خواردن و جلوبەرگ،... بۆ خەڵک دابینکرد.(ابن سعد، ١٩٠٥، ٣، ٢٩٨). دادپەروەری خەلیفە عوسمان لەڕوی خێزانیشەوە، زەوی و موڵکە تایبەتەکانی بەدادپەروەری لەنێوان منداڵەکانی ئومەییە و منداڵەکانی خۆیدا بەدادپەروەی دابەشکرد، خەلیفە عوسمان لەبەرامبەر خزمەکانی بەئەرکی هەستاوە، خەلیفە عوسمان دەڵێت: ئەوانم خۆش دەوێت، بەڵام خۆشەویستیم بۆیان نەبۆتە هۆکاری هیچ ستەمێک و نادادیەک بەڵکو مافی خۆیان پێدەدەم وجگە لەوەی ئەوەی دەیبەخشم لەسامانی تایبەتی خۆم دەی بەخشم و ماڵی موسڵمانان بۆخۆم و هیچ کەسێکی دیکەی بەڕەوا نازانم و حەڵاڵ نییە، من لە سامانی خۆم ڕۆزی دەخۆم(ابن سعد، ١٩٠٥، ٣، ٦٤؛ الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ١٥٢-١٥٣).

**کۆکردنەوەی داهاتی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا:** بەنمونە عوسمانی کوڕی عەفان نامەی نوسینی بۆ والی و پێشەواکانی نارد کە ببن بە سەرپەرشتیار نەک خەریکی کۆکردنەرەوەی ماڵ و باج بن، بۆی ڕونکردنەوە کە ئەرک و پیشەی والییەکان لەبەرچاوگرتنی سودی خەڵکە، نەک کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و باج (الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ٨٨-٨٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

**خەراج:** فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی خەلیفە عوسمان بەشێوازی ڕێککەوتن و جەنگ بەردەوامی هەبو ئەمەش بوە هۆی زیادبونی زەوی کشتوکاڵی لەناوچە فەتحکراوەکان بۆ ژێردەستەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی، بەڕێکەوتن دەست بەسەر ئەو زەویانە دەگیرا، خەلیفە عوسمانیش بەشێک لەو زەویانەی لەدەستی خاوەنەکانیان و ئەوانەی کاریان لەسەردەکرد هێشتەوە ئەوانەی کەلەسەر ئاینی خۆیان بون (اهلی الكتاب) لەبەرامبەر پێدانی خەراجدا (ابن الاثير، ٢٠٠٣، ٢، ٤٧٧-٤٨٠).

سیوطی ئاماژەی بەوەکردوە خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان زەوی دابەشکرد (السيوطی، ١٩٥٢، ١٦٤). سیستەمی دەیەک لەسەردەمی خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان جێگیربو لەسەر ئەو بنەماو بنچینانەی کە خەلیفەی پێشتر دایناب،و ئەم برە لەبازرگانەکان وەردەگیرا، لەسەردەمی خەلیفە عوسمان بەشێوەیەکی گشتی داهاتی گشتی زیادیکرد بەهۆی پرۆسەی فتوحات و زیادبونی ماڵ و سامان(ابن الاثير،٢٠٠٣، ٢، ٤٧٧-٤٧٩).

هەرکەسێک لەبەرامبەر کارەکەی بەخششی پێدەدرا بەنمونە: کارگوزارەکانی خەلیفە عوسمان زۆربەی جار بەخششیان دەدا بەوەفدەکان کە بەکاروباری دەوڵەت هەڵدەستان لە ویلایەتەکانیاندا، بەنمونە پێدانی موچە بەئبین جابر کوڕی عبداللەی ئەنساری و پیاوێک لە(بنی ثقيف) وەفدبون بۆ بەسرا عبداللەی کوڕی عامر والی بو فەرمانی کرد بۆ پیاوە ثەقەفیەکە بەخششی پێبدەن لەگەڵ جل و بەرگ و شوێنی مانەوە. (ابن الجوزی،١٩٩٢، ٥، ٣١٣؛ ابن العساكر، ١٩٩٥، ٣٤، ٢٥٣-٢٥٤).

**لێپرسینەوە لەبواری داراییدا:** لەسەردەمی خەلیفە عوسمان کوڕی عەفاندا لەبواری دارایی لێپرسینەوە لەکارگوزارەکانی دەوڵەتیش کراوە بەنمونە، عبدالله کوڕی مەسعود لێپرسراوی (بيت المال)بو لەکوفە، لێپرسینەوەی کرد لەسەعدی کوڕی ئەبی وەقاس کاتێک هاتە لای لەکۆبونەوەیەکدا داوای لێکرد هەستێت بە دانەوەی ئەو قەرزەی کە لەسەریەتی پێشتر لە(بيت المال) موسڵمانان وەریگرتبو. (الطبری،٢٠٠٢، ٢، ٥٩٥).

خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفان لەهیچ دۆخێکدا نەیویستوە مافی خەڵک بفەوتێت بنمونە: کاتێک لەساڵی (٢٦ک/٦٤٧ز) حەرەمی مەککەی نۆژەنکردەوە و فراوانکرد هەندێک لەماڵەکانی دەرورو‌پشتی حەرەمی کڕیەوە بەهاکەی دەدایەوە بە خاوەنەکەی(ابن الاثير،٢٠٠٣، ٢، ٤٨١).

خەلیفە عوسمان کاتێک ڕەخنەی لێگیرا لەسەرئەودەستکەوتانەی دای بەعبداللەی کوڕی ئەبی سەرح، لەوەڵامدا خەلیفە وتی: ئەوخەڵکە لەڕاستیەکان بێ ئاگان من ئەودەستکەوتانەی کە عبداللەی کوڕی ئەبی سەرح بەدەستی هێناوە پێم بەخشیوە، من یەک لەسەر پێنجی دەستکەوتی غەنیمەکانم پێبەخشی، کە بریتی بو لە (سەد هەزار درهەم)، خەلیفەکانی پێشوش ئەو کارەیان دەکرد، بەڵام کاتێک خەڵک و سەربازەکان بەم کارە ڕازینەبون، منیش لێم وەرگرتەوە و لەناو سەربازەکاندا بەداپەروەری دابەشم کرد. (الطبری،٢٠٠٢، ٤، ٣٥١؛ ابن الاثير،٢،٢٠٠٣، ٤٨٤). خەلیفە عوسمان کاتێک خەڵک بە شێک ناڕازی دەبون ڕەخنەی خەڵکی لەبەر چاودەگرت بەنمونە وەک: ئیبن شەیبە لەئیبن ئیسحاق دەگێڕیتەوە دەڵێت خەلیفە عوسمان بڕی دەهەزار درهەمی دا بە مەروانی کوڕی حەکەم لەپێنج یەکی ئەفریقا لەبەرامبەر فەتحکردنی ئەو ناوچەیە لەسەردەستی ئەو، بەڵام کاتێک هاوەڵان


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

نارازیبون خەلیفە عوسمان فەرمانی بە مەروان كرد بەگێڕاندنەوەی ئەو ماڵە بۆ گەنجینەی موسڵمانان.(ابن شيبة،١٩٧٣، ٣، ١٠٩٠).

طلحەی كوڕی عبيدالله كە یەكێك بو لە (١٠) موژدەپێدراوەكەی بەهەشت و ئەهلی ڕاوێژ و شوڕابو، شاهێدی ئەوەی بۆ خەلیفە عوسمان داوە ئەو تۆمەتانەی ڕەتكردۆتەوە لەگفتوگۆیەك لەنێوان خۆی و خەڵكدا، كە مامەڵە تەنها بەماڵی خۆیەوە دەكات و تەنانەت یەك درهەمیش لە(بيت المال) نابات، طلحەی بە شاهید گرتوە بۆ ئەم بابەتە طلحەش شاهێدی ئەوەی بۆ خەلیفە عوسمان داوە(ابو هيلال العسكری، ١٩٩٧، ١٤٥-١٤٦).

بەڵام گێڕانەوەی زوبێر و كوڕی بەكار، البلازری لەزوهرییەوە كەدەڵێن خەلیفەعوسمان ماڵی گشتی بەهەدەرداوە داویەتی بەخزمەكانی ئەو گێڕانەوەیە هیچ(سند)ێكی نییە نوسەرەكان بگەیەنێت بەزوهری، ناكرێت بەگێڕانەوەی نەناسراوێك وەربگیرێت، سەبارەت بەو گێڕانەوەی بەلازەری لە(ئەبی مخنەف) وەریگرتوە، گێڕانەوەیەكە (سند)ەكەی باوەڕپێكراو نییە، لەبەرئەوەی ئەبی مخنەف خاوەن حەزو ئارەزو لایەنگیری شیعەیە دژی ئەمەویەكان (الذهبی الميزان اعتدال، بدون سنة،٥، ٥٠٨)، هەروەها سەرخەسی دەڵێت: عوسمانی كوڕی عەفان پاك بو بەخشینی لە (بيت المال) نەدەبرد بۆ خۆی چونكە كەسێكی دەوڵەمەندبو پارە و سامانی خۆی بەس بو بۆی(السرخسی، بدون سنة، ١٦، ١٠٢)، ئیبن تەیمیە وەلامی ئەوانە دەداتەوە كەدەڵێن: خەلیفە عوسمان لە پارەی (بيت المال) موسڵمان دایدا بەخزم و كەسەكانی، دەڵێن: هەزار هەزاری داوە بەمەروانی كوڕی حەكەم، وەلامەكەی ئیبن تەیمیە ئەوەیە دەڵێت: ئەوانەی ئەو تۆمەتیان بۆ دروستكرد بەڵگەیان چیە؟ خەلیفە عوسمان بۆ هەمو موسڵمانان باش بو، بەلام ئەو ڕێژە زۆرە پێویستی بەبەڵگەیە، پاشان نەخەلیفە عوسمان نەهیچ یەكێك لەخەلیفەی ڕاشدینەكان تەنانەت بڕێكی نزیك لەڕێژەیەشیان نەداوە بە هیچ كەسێك. (ابن التيمية، بدون سنة، ٣، ١٩٠).

جگە لەم وەلامانەش خەلیفە عوسمان ئەگەر سەیری بكەین كەسێكی بەخشندەبو وەك:

سەعدی كوڕی ئەبی وەقاس پرسیاری لێكرا لەدوای كوژرانی خەلیفەعوسمان دەڵێت: عوسمانی كوڕی عەفان زۆرترین ماڵی لەپێناو خودادا بەخشی(ابن عبد ربه،١٩٥٣، ٥، ٥٥).

كڕینی باخێكی گەورەی دارخورما و بەخشینی بە موسڵمانان بەنمونە: عوسمانی كوڕی عەفان باخێكی خورمای لەپیاوێكی پشتیوانەكان(الانصار)كڕی بەبڕی پەنجا هەزار لەپێناو خودا بەخشی (وقف) بە موسڵمانان بۆ ئەوەی لەبەرهەمەكەی بخۆن. (امام المالك المؤطأ، بدون سنة، ٣، ١٠٨٧).هەروەها خەلیفەعوسمان كاتێك موسڵمانەكان بێ ئاوبون و هەستا بەكڕینەوەی بیری ڕومە لەپیاوێكی جولەكە. (ابن القتيبة،١٩٩٢، ٦، ١٤٧-١٤٨).

خەلیفە عوسمان لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) حەوت سەد و پەنجا وشتر و پەنجا ئەسپی بەخشی لە پێناو خودادا، هەروەها هەزار دیناری بەخشی بە پێغەمبەر بۆ فراوانكردنی حجری ابراهيم( ابن هشام، ١٩٨٧، ٥، ٥٨٥).

بەخشینەكانی عوسمانی كوڕی عەفان لەسەدەمی خەلیفەكانیش بەردەوام بون، لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەكری سدیق، برسیەتی و قات و قڕی بڵاوبۆوە عوسمانی كوڕی عەفان قافڵەیەكی پڕ لەخۆراك و گەنمی هینایە مەدینە دابەشیكرد بەسەر موسڵمانان لە پێناوخودا. (ابن قدامة المقدسی، ١٩٩٤، ٩٥-٩٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

تەبەری دەڵێت، ئاژاوەگێڕەكان لەدوای كوشتنی خەلیفە عوسمانی كوڕی عەفان دەستیانكرد بەتاڵانكردنی(بیت المال)وماڵەكەشی لەساڵی (٣٥ك)دا(الطبری، ٢٠٠٢، ٤، ٣٩١-٣٩٢).

ئیبن و سەعد و ئیبن عەساكر هەردوكیان دەگێڕنەوە دەڵێن: دوای كوژرانی خەلیفە عوسمان، چەند خەزێنەیەك پڕی بەجێهێشت: كە بڕی سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار درهەم لەگەڵ سەدو پەنجا هەزار دینار، هەموی برا، هەزار ئاژەڵی لە(ڕەبزە) بەجێهێشت (ابن سعد كبری،١٩٠٥، ٣، ٧٦-٧٧؛ ابن العساكر تاريخ ديمشق، ١٩٩٥، ٤٥٤)، یەعقوبی دەڵێت: كاتێك خەلیفە عوسمان كوژرا (١٥٠)هەزار دینارو ملیۆنێك درهەمی لەپاش بەجێما(المسعودی، ٢٠٠٧، ٢، ٣٤١-٣٤٢).

## تەوەرەی دوەم: پرسی دادپەروەری لەبواری دارایی لەسەردەمی خەلیفە عەلی كوڕی ئەبی تالیب(٣٥-٤٠ك/٦٥٦-٦٦١ز)

**سیاسەتی دارایی خەلیفە عەلی كوڕی ئەبی تالیب لەبواری موچەو بەخشش:** لەبواری داراییدا كەسێكی دادپەروەربو، سیاسەتێكی تایبەتی هەبو، ئەویش یەكسانی لەپێدانی بەخششەكان، خەلیفە عەلی هەستا بەدابەشكردنی بەخششەكان بە یەكسانی، هیچ پاشەكەوتێكی نەدەكرد لە(بيت المال) و بەتاڵی دەكرد دوای دەركردنی خەرجیەكانی دەوڵەت و پێدانی موچە، واتە: ئەو داهاتەی كە لەماوەی ساڵەكەدا كۆدەكرایەوە هەموی دابەشدەكرد. (ابن العساكر، ١٩٩٥، ٤٢، ٤٧٨؛ السيوطی، ١٩٥٢، ١٨٨).

خەلیفە عەلی كوڕی ئەبی تالیب، لەخەلیفە عومەری كوڕی خەتاب و عوسمانی كوڕی عەفان جیاوازبو لەپێدانی بەخشش خەلیفە عەلی بەیەكسانی بەخششەكانی دابەشدەكردو هیچ جیاوازی نەدەكرد لەنێوان خەڵكەكەیدا، چۆن بەخششی دەدا بە والی و سەركردەكان بەهەمان شێوەش دەیدا بەخەڵكی ئاسایی. (علی الشرافی علی بن ابی طالب، بدون سنه، ٦٦)، تەنانەت كاتێك خەلیفە عەلی لەدابەشكردنی بەخششەكان بڕیاریدا بەیەكسانی لەنێوان خەڵكیدا دابەشی بكات، هەندێك وتیان با بەجۆرێكی تربێت یان بەپێی پێشینە بێت لەئیسلامدا، بەڵام خەلیفە عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب دەڵێت: ((ئایا فەرمانم پێدەكەن داوای سەركەوتن بكەم بەستەم بەسەر ئەوانەی كە بومەتە فەرمانڕەوا بەسەریانەوە، خەلیفە عەلی دەڵێت: سوێند بەخاوەنی ئەستێرەكانی ئاسمان ئەگەر ماڵەكە هی خۆشم بوایا ئەوا بەیەكسانی لە نێوانیادا دابەشم دەكرد، چ جای ئەوەی كە ئەو ماڵە ماڵی خودای گەورەیە من بەیەكسانی دابەشی دەكەم، پێدانی ماڵ بەبێ ئەوەی حەق بێت زیادەڕەوی و بەفیڕۆدانە خاوەنەكەی لەدونیادا بەرزدەكاتەوە بەڵام لەئاخیرەتدا ژێری دەخات...)) (شيخ محمد عبده، بدون سنه، ٢، ٦).

خەلیفە عەلی لە ژیانی خێزانی و تایبەتی خۆی بەشێوازێكی دادپەروەرانە مامەڵەی بە ماڵی تایبەتی خۆی كردوە، بەنمونە: خەلیفە عەلی شمشێرێكی بردە بازاڕ فرۆشتی وتی: سوێند بەخوا ئەگەر (٤)درهەمم دەبو بۆ كڕینی جل و بەرگ نەمدەفرۆشت، خەلیفە عەلی لە ئاشنا و هاوڕێكانی هیچی نەدەكڕی لەبەرئەوەی تا هیچی پێ نەبەخشن، خەلیفە عەلی كاتێك شتێكی لەبازاڕ دەكڕی خۆی هەڵدەگرت و دەیبردەوە بۆ ماڵ ڕێگەی بەكەس نەدەدا بۆی هەڵبگرن(ابن الاثير، ٢٠٠٣، ٣، ٢٦٥-٢٦٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

**چاودێری و لێپرسینەوەو پاراستنی ئەمانەت و ماڵی موسڵمانان:** خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالیب خۆی چاودێری بازاڕی کردوە و لە ناوبازاڕدا گەڕاوە بە نمونە: ئیبن سەعد لە جەرموس دەگێڕێتەوە دەڵێت: خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالیبم بینی لەماڵەکەی دەهاتە دەرەوە و لەناو بازاڕدا گەڕاوە چاودێری بازاڕی کردوە، فەرمانی بە خەڵکی دەکرد لە مامەڵەکردن وکڕین و فرۆشتن بە باشی ئەنجام بدەن، پێی دەوتن ئاگایان لەکێشانە و پێوانە بێت(ابن سعد، ١٩٠٥، ٣، ١٨).

خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالیب زۆر توندبو لەسەر لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسەکان و کارگوزارەکانی ئەمەش دەردەکەوێت لەونامەیەی بۆ(زیاد بن ابیه) نوسیبو کە بەپرسی خەراج بو، دەڵێت: سوێند بە خودای گەورە ئەگەر ئاگاداربکرێمەوە کە ناپاکیت کردوە لە دەستکەوتی موسڵمانان کەم یاخود زۆر توند دەبم و سزات دەدەم و ئەرکت زۆر دەکەم (البلازری، ناساب الاشراف،، ٢، ٣٩٠).

نامەی خەلیفە عەلی بۆ محمد کوڕی ئەبوبەکر کارگوزاری میسر دەڵێت: (باشبە لەگەڵ خەڵکەکەتداو نەرم و نیان و ئاسانکاربە لەگەڵیان هەتاوەکو کەسە گەورەکان لە زوڵم و ستەم چاو لەتۆ نەکەن و کەسی بێهێز نائومێدنەبن لەدادپەروەریت، خودای گەورە پرسیارتان لە کاری گەورە و بچوک و لە نهێنی و ئاشکراتان و ئەگەر سزاتان بدات، ئەوا ستەمکاربونە ئێوە ئەگەر بتانبورێت ئەوا میهرەبان بوە لەگەڵتاندا...(شيخ محمد عبده، شرح نهج البلاغة، بدون سنة، ٣، ٢٧). ئامۆژگاری پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیب لەبواری کێشان و پێوانەدا دەڵێت: خودای گەورە نەفرەتی کردوە و لەو کەسانەی کە نەهیدەکەن لە خراپەو بۆ خۆیان کاری پێناکەن، نەهیدەکەن لە خراپە بەلام خۆیان ئەنجامی دەدەن دەبێت فرۆشیاران بەڕێکوپێکی کرداری کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەن. (شيخ محمد عبده شرح، بدون سنه، ٢، ١١-١٢).

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی خەلیفەعلی زۆر بەئاگاو وردبو لەلێپرسینەوە، تەنانەت لەگەڵ منداڵ و خانەوادەکەشی بە نمونە تەبەری دەگێڕێتەوە لە باوکی ڕافع بەرپرسی گەنجینە (بيت المال)بو لەسەردەمی خەلیفە علی، ڕۆژێک پێشەوا علی کوڕی ئەبی تالیب گەڕایەوە ماڵەوە پارچەیەک زیو یان زێری بەدەست کچەکەیەوە بینی کەهی گەنجینە(بيت المال)بو زۆر تورەبوا، بەکچەکەی وت: ئەمەت لەکوێ هێناوە؟ سوێند بەخوا دەبێت دەستت ببڕم! باوکی ڕافع کەبەرپرس بو لەگەنجینە بە خەلیفەعلی دەڵێت: بەخوا من پێم داوە، ئەگەر من پێی نەدەم چۆن دەتوانێت دەری بهێنێت، دواتر گەڕاندیەوە بۆ گەنجینەی موسڵمانان.( الطبری، ٢٠٠٢، ٦، ٧٠؛ ابن الاثير، ٢٠٠٣، ٣، ٢٦٣). نمونەیەکی تری دادپەروەری خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە سیوطی لە ئیبن عساکری دەگێڕێتەوە، کە عقیل کوڕی ئەبی تالیب داوا لەخەلیفە عەلی دەکات کە هەژارەو پێوستە پارەکەی پێبدات خەلیفە عەلی پێی وت: ئارام بگرێت تا دەستکەوتەکانی (بيت المال) بەیەکسانی دابەشدەکات بەسەر موسڵماناندا، بەلام عقیل سور و پێداگربو لەسەر داواکاریەکەی و خەلیفە عەلی بە پیاوێکی وت: دەستی بگریت و ببیات بۆ بازاڕ و دوکانەکانی خەڵکی لەبازاڕ پێی بڵێ کە قفڵی دوکانەکان بشکێنێت و ئەوەی لەناوی دایە ببیات بۆ خۆی! ؟ عقیل وتی: دەتەوێت بمکەیتە دز؟ خەلیفە علی پێی وت: تۆش دەتەوێت من بکەیت بەدز بەوەی کە ماڵی موسڵمانان ببەم و بیدەم بە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

تۆ بەبێ ئەوان، وتی: با موعاویە بێت معاویە هات داوای لەو کرد سەد هەزاری پێدا پاشان پێی وت بڕۆ سەر میمبەر و ئەو شتەی بگێڕەوە بۆ خەڵک کە معاویە پێی داوی و من پێم نەدای (السیوطی، ١٩٥٢، ٢٠٤).

یەکێکی تر لەنمونەکانی خەلیفە عەلی کەڕێگەی بە خێزانەکەی نەداوە بەبەکارهێنانی ماڵی گشتی بۆخۆیان، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە مناڵ و هاوسەرەکەی خۆشی بوبێت (عەمری کوڕی سەلمە) کارگوزاری ئەسفەهان بو هاتە کوفە هەندێک ماڵ و ڕۆن و هەنگوینی لەگەڵ خۆیدا هێنابو، ئوم کەلسومی کچی پێشەوا عەلی داوای لێکرد کە هەندێک ڕۆن و هەنگوینی پێبدات، ئەویش دو زەرفی بۆ نارد، بۆبەیانی خەلیفە عەلی هەنگوین و ڕۆنەکە و ماڵەکەی ئامادەکرد بۆ دابەشکردن لەنیوان موسڵمانان، کە ژماردی دو زەرفی کەم بو، گوتی بۆ کەمی کردوە سوێندتان دەدەم کە دەبێ پێم بڵێن، ئەوانیش بابەتەکەیان بۆباسکرد، یەکسەر ڕۆیشتەوە ماڵەوە و گەڕاندنیەوە، بە بازرگانەکانی گوت کەم و کوڕیەکەی پڕبکەنەوەو حیسابەکەم پێبڵێن، گوتیان بای سێ درهەم بو، ئەویش سێ درهەمەکەی لە ئوم کەلسوم وەرگرتەوە، ئینجا شتەکانی دابەشکرد.(ابن الاثیر،٢٠٠٣، ٢، ٤٤٢).

نامەی خەلیفەعلی بۆ کارگوزارەکەی ئەشعەسی کوڕی قەیس والی ئازەربایجان دەڵێت: بسم الله الرحمن الرحیم (کارەکەی تۆ ئەوەنییە بەحەزو ئارەزوی خۆت ئەنجامی بدەی بەڵکو ئەمانەتێکە لەگەردنتدا، تۆ چاودێری خودای گەورەی بەسەر ئەوخەڵکەوە کە لەژێردەستتدان، ناتوانی لەچاودێری خودای گەورە ڕابکەیت، سامان و ماڵی خودای گەورە لەژێردەستی تۆدایە، تۆ بەرپرس و خەزێنەداری تا ئەو کاتەی لە ئەستۆتدابێت و دەیگێڕیەوە بۆ من) (شیخ محمد عبده نهج بلاغه، بدون سنة، ٣، ٦-٧).

**زەکات:** خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تالیب سیاسەتی پێغەمبەر(د.خ)وخەلیفەکانی پێش خۆی پەیڕەوکردوە لەوەرگرتنی زەکات و کۆکردنەوەی زەکات بەهەمانشێوە (محب الدین الطبری ڕیاض نضرة، بدون سنة، ١، ٦٨).

**خەراج:** خەراج لەسەردەمی خەلیفە علی کوڕی ئەبی تالیبدا بەهەمان شێوەی خەلیفەکانی پێشو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە فەرمانی بە کارگوزارو فەرمانبەرەکانی کردوە خەراج وەرگرن. (ابن الاثیر،٢٠٠٣، ٤، ٦٨)

خەلیفە علی کوڕی ئەبی تالیب زۆر بەشێوازیکی دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ وەرگرتنی خەراجدا کردوە وەک تەبەری ئاماژەی پێدەکات نامە دەنیرێت بۆ بەرپرسی خەراج لەمیسر دەڵێت: خەراجی زەوی بەو ئەندازەیە وەربگیرێت کە پێشتر وەریان دەگرت، هیچی لێ کەم نەکاتەوە و هیچیش زیاد نەکات، دوای وەرگرتنی خەراجیش دابەشبکرێت بەهەمان شێوەی کە پێشتر دابەشدەکرا، بەیەک چاو سەیری دور نزیک بکەن و هیچ جیاوازیەک نەکەن لە وەرگرتن و دابەشکردندا. (الطبری، ٢٠٠٢، ٧، ٢٤٢٦).

نامەی خەلیفە علی بۆ بەرپرسی خەراج دەڵێت: هەرکەسێک نەزانێت چ کارێک ئەنجام دەدات نازانێت چی بەدەست دێنیت، بزانن ئەو شتەی کە پێتان سپێردراوە ئاسانە بەڵام پاداشتەکەی زۆرە، ئەو شتەی خودای گەورە ڕێگری لێکردوە ئەگەر سزایەک نەبێت کە لێی بترسێت، لەگەڵ خەڵکی دادپەروەربن و پێداویستیەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن و کەس بێبەش مەکەن، داواکاریەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن(محمد عبده، بدون سنه، ٣، ٨٠-٨١).

**خەرجکردنی داهاتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە:** والییەکان لەسەردەمی خەلیفە علی کوڕی ئەبی تالیب دا لە ناوچەکانی خۆیان دەستەڵاتی ئەوەیان پێدرابو، لەخەرجکردنی پارەو سامانی (بیت المال) لەناوچەکانی خۆیان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

خەرجیان دەکرد لەکارو باری شەرعی بۆ بەرژەوەندی خەڵکانی ویلایەتەکانیان، بەشێوەیەک لە جیهاد و فتوحات و لە ئامادەکردنی سوپاو چەک و موچەی سەربازەکان و ئامادەکاری بۆ ئەم مەبەستە، جگە لەوانەی باسمان کرد بۆکاروباری ڕێگەپێدراو شەرعی، هەروەها هەڵدەستان بەخەرجکردنی بۆ موچەی کارگوزار و فەرمانبەرەکان لە ویلایەتەکان(الكاتانی، ٢٠٠٨، ١، ٣٩٣).

داهات خەرج دەکرا لەپرۆژەی وەک چاککردنی پرد و ڕێگەوبان و هەڵکەندی بیری ئاو ئەمەش پێویستی بەوە دەکرد تێچووەکەی لەو پارەیە تەرخان بکەن کە لە ویلایەتەکان بەدەست دەهات. (العومەری الولاية على البلدان، بدون سنە، ٢، ٩٨).

قەیس کوڕی سەعدی عوبادەی ئەنساری، کە لە میسر بو، بەرپرسی خەراج بو لەوێ پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیب پێی وتبو کە لەو خەراجە خۆیان بەرێوەبەرن(العومەری ویلایه علی البلدان، بدون سنە، ٢، ١٦٣).

عەلی کوڕی ئەبی تالیب عبداللەی کوڕی عەباسی کردە کارگوزاری بەسرا و زیادی کوڕی ئەبی وەک لێپرساوی خەراج و گەنجینە(بيت المال) دەست نیشان کرد، پێشنیاری بۆ کوڕی عەباس کرد، لەکاروبارەکاندا بەڕاوێژ بە زیاد کوڕی ئەبی بکات. (الطبری، ٢٠٠٢، ٥، ٢٨٢). یەکێکی تر لە نمونەکانی تری دادپەروەری خەلیفە علی جارێکیان هەندێک ماڵ و شتومەک لە ئەسفەهانەوە هێنرا بۆ لای پێشەوا عەلی، ئەویش کردی بە حەوت بەش، بینی کولێرەیەکیشی تێدایە، ئەویشی کرد بە حەوت پارچە، بە تیروپشک پارچەکانی دابەشکرد واتە لە دابەشکردنیشدا تیروپشکی دەکرد بۆ بەرپاکردنی دادپەروەری(ابن الاثیر،٢٠٠٣، ٢، ٤٤٢).

## ئەنجام:

لەکۆتایی توێژینەوەکەمان گەیشتین بە چەند ئەنجامێک ئەوانیش:

١- پرسی دادپەروەری لە بواری دارایدا پرسێکی گرنگ و ڕێژەییە، دادپەروەری ڕەها تەنها لای خودای گەورەیە، پێغەمبەرانن، پیاوچاکان و خەلیفەکانی ڕاشدین لەبواری دارایدا تاڕادەیەکی زۆر دادپەروەربون، سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین لە مێژوی ئیسلامدا بە باشترین سەردەم دادەنرێت لەبواری دارایدا، چونکە خەلیفەکان دادپەروەربون و بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ خەڵک و بابەتی دارایدا کردوە.

٢- خەلیفەکانی ڕاشدین خۆیان پێشتر کەسانی شارەزا و بە توانابون، کاری بازرگانیان کردوە، بەپێی شەریعەتی ئیسلام حوکمڕانیان کردوە و دادپەروەربون.

٣- خەلیفەکانی ڕاشدین لەبواری داراییدا موچەو بەخششیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان دابەشکردوە، جیاوازیان نەکردوە لەنیوان موسڵماناندا و لەسایەی فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی ڕاشدیندا ماف دراوە بە هەمو خاوەن مافێک.

٤- لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا کەسانی شیاو لیهاتو و دەسپاک کراونەتە بەپرسی داهات و خەراج و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ خەڵکی کردوە بە موسڵمان و ئەهلی کتابەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

٥- خەلیفەکانی ڕاشدین خۆیان چاودێری کاروباری داراییان کردوە، لێپرسینەوەیان لە کارگوزار و فەرمانبەرەکان کردوە.

٦- لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا بەشیوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ ئەهلی کتاب کراوە لەڕوی داراییەوە بەپێی شەریعەتی ئیسلام.

٧- ئەو داهات و دارایی خەلافەتی ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردەهات، بەنمونە زەکات، فەرزە لەسەر موسڵمانان، لە خەڵکی خوداپێداوی موسڵمان وەردەگیرا و دەدرا بە خەڵکی هەژارو نەدار، هەروەها جزیە و خەراج لە ئەهلی کتاب وەردەگیرا لە بەرامبەر مانەوەیان لەسەر ئاین و پاڕاستنیان لە ئەستۆی دەوڵەتی ئیسلامی دابو.

٨- خەلیفەکانی ڕاشدین لەڕوی ژیان و گوزەرانەوە خۆیان لەخەڵکی ئاسایی جیانەکردۆتەوە وەک خەڵکی ئاسایی ژیاون لەڕوی شوێنی مانەوە و خۆراک و جلوبەرگ.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Issue of Justice by Rashidun Caliphs (11-40 H/ 633-661 AD in the Field of Finance

**Ahmed Rahda Ahmed[1] - Rasul Mustafa Mohammed[2]**
[1+2]Department of History, College of Humanity Science, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

Justice means giving rights to all right-holders without exaggeration or shortcoming. It is an absolute subject for every time and place. Justice sometimes means equality, for example, not making any distinction between classes in the community in their duties, rights, rewards and punishments. However, equality is relative and it is sometimes the opposite of justice because it is not fair to reward someone who works hard the same way as someone who doesn't. Khalifa Abubakiri Siddiq can be seen as an instance of equality when he determined donations and rewards according to the available income. In other words, he gave the same amount of 20 dirhams monthly to each Muslim as a reward. Nonethless, Khalifa Omer, the son of Khatab, is an example of justice as he dedicated 100 dirhams for little children, but 200 dirhams for older children, and a considerable monthly amount for every adult with justice. Thus, Khalifa Omer concentrated on the principle of justice rather than equality when he differentiated between the rate given to children, young and adults according to their needs.

The issue of justice during Rashidun Caliph between the years (11-40 H/ 633-661 AD) in the field of finance is one of the critical issues. First of all, this issue is a relative issue by humans, but the absolute justice is only applied by Allah, Prophets, honest people, judges and responsible people. Each Rashidun Caliphs have worked on their specific way of ruling to bring this issue into practice. In Islam, the prophet (PBUH) has showed the most beautiful pattern in this concern and after that during the period of Rashidun Caliphs the issue of justice was brought into practice. This issue is related to the way of ruling by the Caliphs of that period, it has a great effect on the life of people, and this does not mean that the Caliphs were error-free, but generally the Rashidun Caliphs were execution real justice.

The Rashidun Caliphs were personally committing justice and they were carrying fair characteristics, they have not differentiated between people, they ruled according to the principles of Islam, every one's right is protected in the holy Quran, because the religion of



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22**

Islam has come for doing religious worships and committing justice among people and to stand against oppression and injustice. The Rashidun Caliphs has worked on this principle and tried to bring this issue into practice in all the aspects of life, and the financial issue as directly connected issue to people's life. The Caliphs were fair in their personal life and this has affected the way they ruled. In the field of finance, they have treat this issue in a good and suitable way, and this has affected people's life in terms of welfare and development. The Rashidun Caliphs were previously aware of buying and selling and they were businessmen, so they have treated the Muslims equally with justice. The rights of non-Muslims were even protected and they have given the rights to every people and played their own role.

The Caliphs have done significant works including: preventing injustice and oppression and monopoly, the Caliphs were following up issues by themselves and looking after works of the workers, employees and governors, they were choosing faithful and qualified persons for financial duties, thy established financial institutions and dedicated special employees such us :( House of Treasure, Diwan al-Kharaj, Diwan of Philanthropic and Diwan of Soldiers). This was to protect honesty, truthfulness and people's rights, and the Caliphs have given people the authority to look after their works, and they have warned the workers form doing wrong and breaking the law. Also, the Rashidun Caliphs were living like ordinary people and they were not separating themselves from people.

The age of Rashidun Caliphs is considered as the best age in the history of Islam in terms of practicing justice in all the aspects in general and specifically financial issues, due to intensive censorship and follow up by the employees of the government and by the Caliphs themselves, giving the right of every right holders and practicing Islam completely.

**Keywords**: Justice, Financial, Caliph, Philanthropy, Censorship, Follow up.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22**

## سەرچاوەکان:

القران الكريم

ابن الاثير، ابى الحسن على بن ابى الكرم محمد بن محمد ابن الاثير الجزرى(ت:٦٣٠ک/١٢٣٣ز)

-الكامل فى التاريخ، تحقيق: ابى الفداء عبدالله القاضى، ط٤، ج٢، دارالكتب العلمية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٣.

ابن ابى شيبه، ابراهيم بن عثمان(ت: ٢٣٥ک/٨٥٠ز)

-مصنف فى الاحاديث والاثار، تحقيق: سعيد محمد، ج٢، دارالفكر، بيروت، ١٩٨٩.

البخارى، الامام ابو عبدالله محمد بن اسماعيل بن ابراهيم البخارى(ت٢٥٦ک/٨٧٠ز)

- صحيح البخارى. ضبط و حواشي: محمد صدقى العطار، ط١، دار الفكر، ٢٠٠٨.

ابن التيمية، تقى الدين ابو العباس احمد بن عبدالحليم ابن التيمية الحرانى (ت:٧٢٨ک/١٣٢٨ز)

- السياسة الشرعية فى الاصلاح الراعى والرعية، مطبعه السلفية، القاهرة، ١٩٦١.

ابن الجوزى، عبدالرحمن بن على محمد (ت:٥٩٧ک/١٢٠١ز)

-مناقب عومەر بن الخطاب، مطبعة السعادة، ميسر، ١٩٢٤.

-المنتظم فى تاريخ الملك و الامم، تحقيق: محمد عبدالقادر ومصطفى قادر، ط١، ج٤، دار الكتاب العلمية، بيروت، ١٩٩٢.

ابن حبان، محمد بن حبان بن احمد التميمى البستى(ت:٨٥٢ک/١٤٤٨ز)

-السيرة النبوية واخبار الخلفاء من الثقات، صححه وعلق: الحافظ سيد عزيز بک وجماعة من العلماء، ج١،مؤسسة الكتاب الثقافية، بيروت، ١٩٨٧.

احمد بن حنبل، ابوعبدالله احمد بن محمد الشيبانى(ت:٢٤١ک/٨٥٦ز)

- مسند امام احمد، تحقيق: زينب القاروط، دار الكتاب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٨٣.

البلازرى، ابى الحسن احمد بن يحى بن جابر البلازرى(ت:٢٧٩ک\٨١٣ز)

-فتوح البلدان، وضع وحواشه: عبدالقادر محمد على، ط١، دار الكتاب العلمية، بيروت- لبنان،٢٠٠٠.

-انساب الاشراف، تحقيق: محمد حميدالله، ج١، دار المعارف، مصر.

الترمذى، محمد بن عيسى ابو عيسى الترمذى(ت:٢٧٩ک/٨١٣ز)

- الجامع الصحيح وهو السنن الترمذى، تحقيق: كمال يوسف الحوت، ج٥، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٧.

الجاحظ، ابوعثمان عومەرو بن بحر(ت:255ه)

- تهذيب الاخلاق، قرأة وعلق عليه: ابوعزيفه ابراهيم بن محمد، ط1، دار الصحابة للتراث، الاسكندرية، 1989.

ابن حاجب، محمد بن الحسن رضى الدين الاستراباذى(٦٣٦ک/1239ز).

- شرح شافية ابن الحاجب، تحقيق: محمد نور الحسن، محمد محى الدين، ج٢، دار الكتب، بيروت، ٢٠١٥.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن خلدون(١٤٠٦ز)

-المقدمة،تصحيح وفهرسة: ابوعبدالله السعيد المندوه،ط١،ط٣، ج١-٢، مؤسسة الكتب الثقافية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٥.

ابى داود، ابو داود سليمان بن بيشير بن شداد السجستانى(٢٧٥ک/٨٨٩ز)

-سنن ابى داود،تحقيق: شيعيب الارنوط، باب الحكم فى من ارتد، الرسالة العالمية، ٢٠٠٩.

خليفة بن الخياط، خليفه بن العصفرى بن خياط (ت:٢٤٠ک/٨٥٥ز)

-تاريخ خليفة، تحقيق: أكرم ضيا العومەرى، ط٢، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٧٧.

الذهبى، شمس الدين محمد احمد بن عثمان الذهبى(ت:٧٤٨ک/١٣٤٨ز)

-السير العلام النبلاء، تحقيق: شعيب الارنؤوط، مأمون الصاغرجى، ط١١، ج٤، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان، ٢٠٠١.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

-تاريخ الاسلام وفيات ومشاهر الاعلام، تحقيق: عومەر تدميرى، ط١، ج١، دار الكتاب العربى، بيروت، لبنان، ١٩٨٧.
ابن سعد، ابوعبدالله بن سعد بن منيع الهاشمى البصرى، (ت:٢٣٠ك/٨٤٥ز)
-الطبقات الكبرى، تحقيق: احسان عباس، ط١، دار الصادر، بيروت- لبنان، ١٩٦٨.
ابن سلام، ابى عبيد القاسم ابن سلام(ت: ٢٢٤ك/٨٣٩ز)
- كتاب النسب، تعقيق: مريم محمد خير الدرع، ط١، دار الفكر،١٩٨٦.
السرخسى، محمد بن ابى سهل(ت٤٩٠ك/١٠٩٧ز)
- المبسوط، ج١٦، دار المعرفة، بيروت.
السيوطى، امام جلال الدين عبدالرحمن بن ابى بكر السيوطى(ت٩١١ك/١٥٠٦ز)
-التاريخ الخلفاء، تحقيق: محمد محى الدين عبدالحميد، ط١، دار العلم الحديثه، لبنان-مطبعة منير بغداد، ١٩٥٢.
ابن الشيبة، ابوزيد عومەر بن شيبة( ت:٢٦٢ك/٨٧٦ز)
-تاريخ المدينة المنورة، تحقيق: فهيم محمد شلوت،ج٢، دارالصبهانى، جدة -مكة،١٩٧٣.
شمس الدين السيوطى، شمس الدين محمد بن احمد المنهاجى الاسيوطى(٨٨٠ك/١٤٧٦ز).
-جواهير العقود ومعين القضاة والمقعين والشهود، ط٢،ج١، بدون المطبعة وتاسع هجرى.
الشيرازى، ابراهيم على بن يوسف الشيرازى(ت:٤٧٦ك/ ١٠٨٤ز)
- المهذب فى فقه الامام الشافعى، تحقيق: عماد الدين حيدر،ط١، ج٢، العالم الكتب، بيروت، ١٩٨٢.
الطبرانى، ابو القاسم سليمان بن احمد الطبرانى(ت: ٣٦٠ك/٩٧١ز)
- المعجم الكبير، تحقيق: حمدى السلفى، مكتبة الزهرا، الموصل، ط٢،ج١٠.
-الطبرانى فى الأوسط،، تحقيق: طارق محمد،عبدالمحسن الحسينى،ج٢، دار الحرمين، قاهرة، ١٩٩٥.
الطبرى، ابى جعفر بن محمد بن جريرى الطبرى(ت:٣١٠ك/٩٢٣ز)
-التاريخ الطبرى ( تاريخ الرسل والملوك) تقديم وتحقيق:صدقى الجميل العطار، مجلد ٤، ط٢، مطبعة دارالفكر، بيروت، ٢٠٠٢.
ابن عبد ڕبه، ابو عومەر احمد بن محمد بن سالم الاندلوسى(ت:٣٢٨ك/٩٤٠ز )
-العقد الفريد، تحقيق: مفيد محمد مقيعه، ج١، دار الصادر، بيروت، ١٩٥٣.
ابن عبدالبر، يوسف بن عبدالله(ت:٤٦٣ك/١٠٧١ز)
- الاستيعاب فى معرفة الاصحاب، تحقيق: محمد على البجاوى، ج٤، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٢.
ابن عساكر، ابى على بن حسنبن وهبة الله لشافعى(ت:٥٧١ك/١١٧٦ز)
- تاريخ مدينة و ديمشق، تحقيق: محب الدين العومەرى، ج٣٠، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٥.
ابن العربى، محمد بن عبدالله(ت:٥٤٣ك/١١٤٩ز)
-العواصم من القواصم فى تحقيق موافق الصحابة بعد وفاة النبى(د.خ)، عليق وحاشية: الشيخ محب الدين الخطيب، خرج الاحاديث وعلقه: محمود مهدى، ط٣، ج١، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٤.
ابن القيم الجوزى، شمس الدين ابى عبدالله محمد(ت:٦٩١ك/١٢٩٢ز)
-زاد المعاد فى هدى خير العباد، تخريج: شيخ ناصرالدين البانى، ج٢، دار الاعتصام، قاهرة.
ابن قتيبة الدينورى، ابى محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبة الدينور(ت:٢٧٦ك/٨٩٠ز)
-المعارف، تحقيق: ثروت عكاشة، دار المعارف، مصر، ١٩٩٢.
ابن قدامة المقدسى، عبدالله بن احمد بن قدامة المقدسى (ت:٦٢٠ك/١٢٢٣ز)
- المغنى فى فقه الامام احمد بن حنبل، ط١، ج٨، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٥.


**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22**

-الرقة، حققه وعلق عليه: مسعد عبدالحميد، محمد السعدون، دار الكتب، العلمية، بيروت، ١٩٩٤.

القلقشندی، احمد بن علی بن احمدی الفزاری(ت:٨٢١ک/١٤١٨ز)

-الصبح الاعشى فى الكتابة الانشاء، تحقيق: عبدالقار زكار، ج١، وزارة الثقافة، ديمشق، ١٩٨١.

الكاتانی، محمد عبدالحی الكاتانی(ت:١٣٨٢ک/١٩٦٢ز)

- التراتيب الايدارية، تحقيق: عبدالله الخالدی، ط٢، ج١، دار الارقم، ٢٠٠٨.

الكاسانی،علاءالدين الكاسانی(ت:٥٨٧ک/١١٩١ز).

-بدائع الصنائع فی ترتيب الشرائع، ط٢، ج٣، دارالكتاب العربی، بيروت.

ابن كثير، ابی الفداء الحافظ ابن الكثيرالدمشقی(٧٧٤ک\١٣٧٣ز).

- البداية والنهاية، ط٢،ج٥، دارالكتاب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣.

ابن المنظور،ابی الفضل جمال الدين محمد بن مكرم(٧١١ک/١٣١٢ز)

-لسان العرب، ط٦، دار الصادر، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨، ص٦٣٥.

محب الدين الطبری، احمد بن عبدالله محب الدين الطبری(ت:٦٩٤ک/١٢٩٥ز)

- الرياض النضرة فی المناقب العشرة،تعقيق: عبدالمجيد طعمة حلبی، ج٣، دار المعرفة، بيروت.

امام مالک، مالک بن انس بن عبداللهی الاصبحی(ت:١٧٩ک/٧٩٦ز)

-المؤطآامام مالک، تحقيق: محمد عبدالباقی، دار احياءالتراث العربی، مصر، بدون سنة.

الماوردی، ابی الحسن علی محمد ابن حبيب البصری الماوردی(ت: ٤٥٠ک/١٠٠٦ز)

-الأحكام السلطانية ماوردی والاويلايات الدينية، تحقيق: احمد جاد، ط١، مطبعة دار الحديث، القاهرة،٢٠٠٦.

مسعودی، ابی الحسن علی بن الحسين بن علی المسعودی(٣٤٦ک/٩٥٧ز)

-المروج الذهب ومعادن الجوهر، ط١، ج٣، مطبعة دارالكتب العربی، بغداد، ٢٠٠٧.

مسلم، مسلم بن الحجاج ابو الحسن الشقيری النيسابوری(ت:٢٦١ک/٨٧٥ز)

-صحيح مسلم، تحقيق: فواد عبدالباقی، دار احياء التراث العربی، بيروت.

المقدسی، محمد بن احمد المقدسی(ت:٣٩٠ک/١٠٠٠ز)

- احسن التقاسيم فی معرفة الاقاليم، تحقيق: غازی طليمات، الثقافة والارشاد، دمشق، ١٩٨٠.

ابن النديم، ابو فرج محمد بن اسحاق بن الوراق البغدادی(٤٣٨ک/١٠٤٧ز).

-الفهرست، تحقيق: محمد احمد احمد، المكتبة التوفيقيه.

ابن هشام، محمد عبدالملک بن هشام المعافری(ت:٢١٨ک/٨٣٣ز)

- السيرة النبوية، تحقيق شيخ احمد جاد، ط١ ج٢، دار الغد الجديد، مصر، ٢٠٠٣.

ابوهيلال العسكری،ابو هلال الحسن بن عبدالله الشافعی(ت:٣٩٥ک/١٠٠٥ز)

- الاوائيل،وضع حواشی: عبدالرزاق مهدی، ط١، دار الكتاب العلمية، بيروت، ١٩٩٧.

ابويوسف، يحی بن ادم القريشی(ت:٢٠٣ک/٨١٩ز)

-الخراج، المكتبة العلمية، لاهور، ط١، ١٩٧٤.

ياقوت الحموی، شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله حموی(٦٢٦ک/١٢٢٩ز)

-معجم البلدان، ط٣، ج٣، دار الصادر، بيروت، لبنان، ١٩٩٥.

اليعقوبی، احمد بن ابی يعقوب اسماعيل بن جعفر بن وهب ابن واضح اليعقوبی البغدادی(ت:٢٩٢ک/ ٩٠٥ز)

- تاريخ اليعقوبی، علق عليه: خليل المنصور، ط٢ج١،دار العتصام للطباعة والنشر، ٢٠٠٠.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

## ثالثا: المراجع


البانى، محمد بن ناصرالدين البانى(ت:١٩٩٩ز)، -فى السلسلة الصحيحة، المكتب الاسلامى، ٢٠٠٦، رقم: ٢٧٠٠.

ابوبكر على محمد امين، العدالة مفومها ومنطلقاتها، ط١، دار الزمان، دمشق، سوريا، ٢٠١٠.

شيخ محمد عبده،- شرح نهج البلاغة لامام على بن ابى طالب، ج٢، منشورات المؤسسة الاعلامى للمطبوعات، بيروت، لبنان، بدون سنة طبع.

الزلمى، مصطفى الزلمى، عبدالباقى البكرى،-المدخل الدراسات الشرعية الاسلاميه، مطبعة التعليم العالى فى الموصل، ١٩٨٩.

صلاح الدين عبدالكريم، تەفسیری ڕێبەر، چ٤، بەبێ چاپخانە، ٢٠٢٠.

فوزى عطوى، - علم الاقتصاد فى النظم الوضعية والشريعة الاسلامية، ط١، منشورات الحلبى العقوقية، دمشق، ٢٠٠٥.

نظام الدين عبدالحميد، تەفسیری گوڵشەن،چ١، چاپخانەی ئسوە، ٢٠٠٤.


## پەراوێزەکان:

[i] بيت المال: واتە خەزێنەی دەوڵەت یان شوێنی هەڵگرتنی پارە و کەلوپەلەکان بەشێوەیەکی کاتی تیایدا هەڵدەگیرێن تاوەکو دابەشدەکرێت بەسەر تاکەکاندا. بڕوانە (ابن المنظور، ابى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم، لسان العرب، ط٦، دار الصادر، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨، ص٦٣٥).

[ii] الجزية: باجێکە خودای گەورە لەقورئان دیاریکردوە لە ناموسڵمانەکان وەردەگیرێت، ئەگەر موسڵمانبون لەسەریان نامێنێت(الأحكام السلطانية ماوردی، ص٢٢١).

[iii] الديوان: هەندێک کەس پێیوایە کە کیسرا سەیری نوسەری دیوانەکەی کردوە کە حسابیان لەگەڵ خۆیانکردوە وتویەتی (دیوانه) ئەو شوێنە ناونراوە (دیوان)، دیوان شوێنێکە بۆ پاراستنی ئەوەی پەیوەندی دارە بە مافی دەوڵەت لەکاروبار و پارە و سەروەت و سامان، ئەوەی پێی هەڵدەستێت کاربەدەستانی دەوڵەتن(الأحكام السلطانية الماوردى، ص٢٩٧).

[iv] الربزه: ناوی لادێکە سێ ڕۆژ لە شاری مەدینە دورە(ياقوت الحموى، معجم البلدان، ج٣، ص٢٧).

[v] الخراج: باجێکە لە ئەهلی کتاب و ناموسڵمانەکان وەردەگیرا کە کاریان لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان دەکرد: (الاحكام السلطانية ماوردی، ص٢٢١).

[vi] **جەریب:** بریتیە لە مەزرەعە و ڕوبار و ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە زەوی کە شەست گەز یان قوڵ ڕوبەرەکەی بێت (الاسترابادى، شرح شافية ابن الحاجب، ج٢، ص١٣١).

[vii] **قەفیز:** ئامرازێکی پێوانەی ئیسلامییە، بۆ ڕوپێوی زەوی بەکاردێت هەر قەفیزێک یەکسانە (١٤٠) قوڵ.(الاحكام السلطانية الماوردى، ص١٥٢).

[viii] **الفیء:** لەسەر ئەهلی کتاب و ناموسڵمانەکان دانراوە لەسەر زەوی ئەو ناوچانەی کە بەئاشتی و بەبێ جەنگ فەتحکراون. (الأحكام السلطانية الماوردى، ص٢٠٠).

[viii] ئەبوعبیدە کوڕی جەڕراح: کوڕی عوسمانی کوڕی عومەرو کوڕی کەعب، لە قورەیشیەکانە لەسەردەمی ئەبوبەکری سدیق موسڵمان بو کەسێکی ئەمین و دەستپاک بو، هەروەهاسەرکردەبو لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق و دواتریش لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لە شام، لەساڵی (١٨ک)دا مردوە(سير الاعلام النبلاء الذهبى،٢٠٠١، ١، ١٥-٢٣).

[viii] عوسمانی کوڕی حەنیف: کوڕی وەهەبی کوڕی عوکەیمی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی حارسە، لە هۆزی ئەوسی ئەنصارییە، شارەزای لە بواری خەراج و ڕوپێوی زەویدا هەبوە، ماوەیەک بەرپرسی خەراجی کو فە و بەسرا (سەواد) بوە موچەکەی ڕۆژانەبری (٥درهم )بوە، خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ ئەبوحوزەیفە ناردی بۆ ڕوپیوکردنی زەویەکانی سەواد، لەسەردەمی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا مردوە. بڕوانە: (سير لاعلام النبلاء الذهبى، ٢٠٠١، ٢، ٣٢٠-٣٢٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22

[viii] ئەبو حوزەیفە کوڕی عوتبەی کوڕی ڕەبیعەی گەورەی هۆزی قورەیش لە جاهلیی گەورەی قورەیش بو، پێش چونی ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبو ئەرقەم موسڵمان بو، هاوەڵ بو، کۆچی کردوە بۆ حەبەشە، شارەزای بواری کاروباری دارایی بوە لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا مردوە بڕوانە: (سير لاعلام النبلاء الذهبی، ٢٠٠١، ١، ١٦٤-١٦٦).

[viii] ئەبو میحنەف: ناوی لوطی کوڕی یەحیا کوڕی سەعید کوڕی مخنف کوڕی سەلیم ئەزدیە، دەڵێن هاوەڵ بوە نوسراوی هەیە لەبارەی الردة، کتاب الفتوح الشام کتاب الفتوح العراق کتاب الجمل، کتاب الصفین، کتاب اهل النهروان والخوارج،.سەبارەت بەم کەسایەتیە هەندێ لە مێژو نوسان ڕەخنەی لێدەگرن لەبەرئەوەی قسەی لەهەندی کەس وەرگرتوە کە جێگەی متمانە نین و لایەنگیرە دژی ئومەویەکان....(ابن الندیم، الفهرست، تحقیق: محمد احمد احمد، المکتبة التوفیقیه، بدون سنة، ص١٣٥).

١٣-زیاد کوڕی ئەبی، ناوی زیادی کوڕی عبید سەقەفی، یان پێی دەگوترێت زیاد کوڕی سومەییە، دایکی خزمەتکاری حارثی کوڕی کولیدەی پەقەفی پزیشک بو، لەساڵی کۆچ لەدایک بوە، لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری سدیق موسڵمان بو، کاتێک ئەبوموسای ئەشعەری والی بەسرابو زیا نوسەری بو.بڕوانە: (الذهبی، سير الاعلام النبلاء، ج٣، ٤٩٤-٤٩٥)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper22